# دواڕۆژ

دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

٢٠٢٦/٣/٢٦ـ ٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٤٦

dwaroj.net


## نەورۆز لە مەڵبەندی شێعردا: بڵێسەیەک لە ناو دڵی بێدەنگیی ڕۆژهەڵاتدا




بێگەرد سووزەنی


نەورۆز لە ناو بازنەی ئەدەبی و فەرهەنگیی کوردیدا ناکرێ وەک ڕووداوێکی سادەی سروشتی یان گۆڕانێکی وەرزی چاوی لێبکرێ، ئەم ڕۆژە وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی و سیاسی لە ناو ڕۆحی تاکی کورددا ڕەگی داکوتاوە کە تێیدا شوناسی گەل لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی ژیاندا یەک دەگرێتەوە. ئەم جەژنە لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێمەدا وەک بۆنەیەکی ئایینی یان فۆلکلۆری نەمایەوە، ئەمە خاڵی وەرچەرخانێک بوو کە شاعیران تێیدا هیوا و ئازار و خەونی ئازادییان تێدا چاند.

کاتێک ئاوڕ لە مێژووی شێعری کوردی دەدەینەوە، دەبینین ئەحمەدی خانی وەک یەکەمین بناغەدارێژەری ئەم بیرکردنەوەیە لە «مەم و زین»دا وێنای کۆبوونەوەیەکی گشتی دەکات

...بۆ ل٨

## سەروتار

### بایکۆتی ڕێفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨؛ وەرچەرخانێکی مێژوویی لە تێکۆشانی ڕۆژهەڵات


سۆران محەمەدی


ڕیفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ (١ی نیسانی ١٩٧٩) کە تێیدا پرسیاری «کۆماری ئیسلامی؛ بەڵێ یان نەخێر» خرایە بەردەم گەلانی ئێران، بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بەتایبەت بۆ ڕێکخراوی کۆمەڵە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی قووڵی فیکری و سیاسی بوو کە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو دەسەڵاتەی کە تازە لە تاران جێگیر ببوو. لە کاتێکدا کە زۆربەی ناوچەکانی ئێران لەژێر کاریگەریی هەست و سۆزی شۆڕشدا ڕەزامەندییان نیشان دەدا، کوردستان بە پێشەنگی هێزە شۆڕشگێڕەکان بڕیارێکی مێژوویی دا: بایکۆتی گشتی.

پاش ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی، کوردستان بوو بە ناوەندێکی زیندووی چالاکیی سیاسی و جەماوەری. «شوورا»کان لە شار و گوندەکاندا پێکهاتبوون و جەماوەر بە کردەوە دەسەڵاتی خۆیان پیادە دەکرد. کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی چەپ و جەماوەری، لەو سەردەمەدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە دەستکەوتەکانی شۆڕش لە بەرژەوەندیی چەوساوەکان و نەتەوە بندەستەکاندا بێت. لەو کاتەدا، وەفدی نوێنەرایەتیی کورد خەریکی وتووێژ بوو لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بۆ دەستەبەرکردنی مافی «خۆبەڕێوەبەری» (خودموختاری) و ناسینی مافە نەتەوەییەکان.

بەڵام ئاماژەکان لە تارانەوە نیگەرانکەر بوون. دەسەڵاتی نوێ نەک هەر ئامادە نەبوو دان بە مافەکانی کورددا بنێت، بەڵکوو لە ڕێگەی داڕشتنی ڕیفراندۆمێکی «داخراو»ەوە، دەیویست شەرعییەتێکی ڕەها بۆ سیستمێک بەدەست بهێنێت کە هیچ وردەکارییەکی بۆ خەڵک ڕوون نەبوو. پرسیارەکە بە شێوەیەک داڕژابوو کە هیچ بژاردەیەکی تری تێدا نەبوو جگە لە «کۆماری ئیسلامی»، ئەمەش لە ڕوانگەی سیاسییەوە وەک «خاپاندنێکی گەورە» دەبینرا.

کۆمەڵە وەک یەکەم هێزی سیاسی کە بە ڕاشکاوی دژی بەشداری لەم ڕیفراندۆمە وەستایەوە، چەند هۆکارێکی بنەڕەتیی بۆ ئەم بڕیارە هەبوو:

١. ناڕوونیی سیستمەکە: هێشتا یاسای بنەڕەتی نەنووسرابووەوە و خەڵک نەیدەزانی «کۆماری ئیسلامی» چییە.

...بۆ ل ٢

## ڕەزا کەعبی:

# بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەست، ئازاد، یەکسان و دادپەروەرانە بەردەوام دەبین



خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

ژنان و کچانی شۆڕشگێر وخولقێنەرانی شۆڕشی مەزنی ژن، ژیان، ئازادی!

لاوانی شۆڕشگێڕو چاونەترس و خەباتکارانی ڕێگەیڕزگاری، دادپەروەری، ئازادی و یەکسانی!

لە ناخی دڵەوە لە لایەن خۆم و هەموو ڕیزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە پیرۆزبایی نەورۆز و ساڵی تازەتان لێدەکەم.

ساڵێک و ڕۆژانێکی پڕ لە شادی و زاڵبوون بەسەر ئاستەنگییەکانی ژیان و سەرکەوتن لە خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامییتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

...بۆ ل ٢

## چەپی کوردستانی, سۆسیالیزم و ئیستراتژی نەتەوەیی.!




پەرویز ڕەحیمزادە


**بەشی یەکەم**

بەشێک لە دانیشتووانی جیهانی ئەمڕۆی سەدەی بیست و یەکەم بوونەتە دەستەچیلەی ئاگریماڵوێرانکەرانەی ئەو هێزانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیان لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا، کردۆتە مەیدانی تەراتێنی شەڕو کوشتار، داگیرکاری و بەدیل گرتن، ستەم و چەوسانەوە، توندوو تیژی دژی ژنان، پەرەدان بە دواکەوتوویی، ئاژاوە نانەوەی ئایینی و ستەمی نەتەوەیی و لەناوبردنی ژینگە و دەیان قەیرانی دیکە. ئەم هێزانە واتە سەرمایەداریی زاڵی جیهانیی بە نوێنەرایەتی نیۆلیبڕالیزم، فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی و بەرەی چین و ڕووسیەش کە پێشینەیەکی بە ناو چەپیان لە پشتە، لەم قۆناغەدا هۆکارو سەرچاوەی هەموو ئەو قەیرانانەن کە بەرۆکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گرتووە. ئەم هێزانە ئەگەرچی بە ڕواڵەت ڕووبەڕووی یەکتر وەستاونەتەوە بەڵام هاوتەریب لەگەڵ یەک بەرەو لەناوبردنی هەموو ئەو بەها گەورە ئینسانیانە هەنگاو دەنێن کە بەرهەمی سەدان ساڵ خەبات و تێکۆشانە بۆ ژیانێکی باشترو ئارامی و وەدیهاتنی ئازادیی ڕاستەقینە، لەدەست هەر جۆرە ستەم و چەوسانەوەیەک.

نیۆلیبڕالیزمی جیهانی ئەمڕۆکە تا دێت قەیرانەکانی زیاتر لە جاران لەسەر یەک کەڵەکە دەبێت و شەڕی بەرژەوەندیە گەورە ئابووریەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، بە خولقاندنی شەڕ بووە هۆکاری گیان لەدەستدانی ملیۆنان کەس و ئاوارەبوونی ملیۆنانی دیکە کە تەنیا بۆ دەربازکردنی گیانی خۆیان، شوێنی ژیان و نیشتمانیان بەجێهێشتووەو ئاوارەی گۆشەو کەناری ئەم جیهانە بوون. لە لایەکی دیکەشەوە دێمۆکراسی ڕۆژئاوایی تا دێت بەستێنی زیاتر بۆ گەشەی ڕاسیزم و فاشیزم خۆش دەکاو نە تەنیا ئەحزابی بەرەی ڕاست، بەڵکوو تەنانەت بەرەی سۆسیال دێمۆکراسیش کە بە تایبەتی پاش جەنگی دووهەمی جیهانیی ڕۆڵێکی سەرەکی لە بونیاتنانی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و ماف تەوەر و مرۆڤانەتر گێڕا، لە بەرانبەر ئەحزابی ڕاستی توندئاژۆ لە پاشەکشەدان و بەمشێوە ڕۆژئاواش دەڕوات بەرەو ئەوەی لە داهاتوودا قۆناغێکی دیکە لە قەیرانە ناوخۆییەکانی سەرمایەداریی ئەزموون بکات. سۆسیال دێمۆکراسی کە دەیویست بە کەڵک وەرگرتن لە پۆتانسیەلی دێمۆکراسی هاوسەنگیەک لە نێوان کارو سەرمایە بە قازانجی هەردوو لایەن دروست بکات، ئێستاکە لە پاشەکشەدایەوتا دێت گوشاربۆسەرکرێکاران لە شوێنی کارو زەختی ماڵیاتی و بردنە سەرەوەی نرخی شت و مەک زیاتر دەکات و بەمجۆرە قەیرانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و بێکاریی لە حاڵی پەرەسەندنایە.

...بۆ ل ٥

## درێژەی سەروتار

کۆمەڵە پێی وابوو دەنگدان بە شتێکی نادیار، واژۆکردنی سپی یان «چەکی سپی» دانە بەدەست دەسەڵاتەوە بۆ سەرکوتەکانی داهاتوو.

٢. پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان: لە ناوەڕۆکی ریفراندۆمەکەدا هیچ ئاماژەیەک بە مافی نەتەوەکان، لەوانە مافی دیاریکردنی چارەنووس، نەکرابوو. بژاردەی «بەڵێ» بە واتای قبوڵکردنی سیستمێکی ناوەندگەرای نوێ بوو کە تەنیا بەرگەکەی گۆڕاوە.

٣. دژایەتی لەگەڵ دیموکراسی: کۆمەڵە جەختی دەکردەوە کە دیموکراسی لە ئێراندا دەبێ لەسەر بنەمای جودایی ئایین لە دەوڵەت و دابینکردنی ئازادییەکانی رادەربڕین و ڕێکخراوەیی بێت، بەڵام ئەم ڕیفراندۆمە ڕێگەی بۆ «دیکتاتۆریی ناتەواو» خۆش دەکرد.

ڕۆژی دەنگدان و ئەنجامەکان لە کوردستان

لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا، شاری سنە و مەریوان و سەقز و زۆربەی شارەکانی تری ڕۆژهەڵات شایەتی بێدەنگییەکی مانادار بوون. سندوقەکانی دەنگدان لە زۆربەی بنکەکاندا خاڵی مانەوە. بەپێی ڕاپۆرتە مێژووییەکان، لە زۆرێک لە گوند و شارۆچکەکانی کوردستان، ڕێژەی بەشداری سفر یان زۆر نزم بوو. ئەم بایکۆتە نیشانیدا کە کۆمەڵە و هێزە هاوپەیمانەکانی توانایەکی گەورەی ڕێکخستنی جەماوەرییان هەیە.

ئەم هەڵوێستە زۆر بە توندی لەلایەن تارانەوە وەڵام درایەوە. خومەینی لە پەیامەکانیدا هێرشی کردە سەر «بایکۆتکەران» و بە «دژە شۆڕش» و «ناپاک» ناوی بردن. ئەم بایکۆتە بوو بە بیانوویەک بۆ ئەوەی دواتر لە گەلاوێژی هەمان ساڵدا، فەرمانی «جیهاد» دژی کوردستان دەربکرێت، چونکە کوردستان تاقە شوێن بوو کە بە «نا»یەکی گەورە شەرعییەتی ئەو سیستمەی خستە ژێر پرسیارەوە.

بایکۆتی ١٢ی خاکەلێوە نیشانەی «سەربەخۆیی سیاسی»ی بزووتنەوەی کوردستان بوو. ئەو بڕیارە سەلماندی کە کورد تەنیا بۆ گۆڕینی کەسەکان شۆڕشی نەکردووە، بەڵکوو بۆ گۆڕینی بنەڕەتیی سیستم و بەدەستهێنانی مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانی تێدەکۆشێت. مێژوو سەلماندی کە ئەو نیگەرانییانەی کۆمەڵە لەو کاتەدا هەیبوو، هەمووی ڕاست دەرچوون؛ ئەو سیستمەی کە بەو ڕیفراندۆمە هاتە کایەوە، بوو بە ماشینێکی سەرکوت کە بۆ چەندین دەیەیە پەت و سێدارە و زیندانی دژ بە گەلان بەکار دەهێنێت.

یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە لە ژمارەی نەورۆزی «دواڕۆژ»دا، جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە ئیرادەی گەل لە ناو سندوقێکی دیاریکراودا سنووردار ناکرێت. ئەمڕۆش کە بارودۆخی ڕۆژهەڵات لە ژێر گوشارێکی توندی ئەمنی و ئابووریدایە، دەرسەکانی ١٢ی خاکەلێوە پێمان دەڵێن کە «نا» گوتن بە ستەم، یەکەم هەنگاوی ڕاستەقینەیە بەرەو ئازادی. بایکۆتی ئەو کاتە، بناغەی ئەو ناسنامە سیاسییە پۆڵایینەی دارشت کە ئێستا لە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» و بەرگریی بەردەوامی ڕۆژهەڵاتدا ڕەنگی داوەتەوە.

## ڕەزا کەعبی:

# بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەست، ئازاد، یەکسان و دادپەروەرانە بەردەوام دەبین



خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

ژنان و کچانی شۆڕشگێر وخولقێنەرانی شۆڕشی مەزنی ژن، ژیان، ئازادی!

لاوانی شۆڕشگێرو چاونەترس و خەباتکارانی ڕێگەیرزگاری، دادپەروەری، ئازادی و یەکسانی!

لە ناخی دڵەوە لە لایەن خۆم و هەموو ڕیزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە پیرۆزبایی نەورۆز و ساڵی تازەتان لێدەکەم. ساڵێک و ڕۆژانێکی پڕ لە شادی و زاڵبوون بەسەر ئاستەنگییەکانی ژیان و سەرکەوتن لە خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامییتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

ئەمڕۆژانە و لە سەروبەری نەورۆز و ساڵی تازەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە لاوازترین قۆناغی مێژووی پڕ لە تاوانیدایە و چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوە بەرەوڕووی شکستێکی کەموێنە بووەتەوە، ئاگری شەڕێکی ماڵوێرانکەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەڵگیرساندووە و وەکوو هەموو مێژووی خۆی خەریکی ئاژاوە نانەوە و پەرەپێدانی تێرۆریزمە و ڕۆژانە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان بە مووشەک و درۆن دەکاتە ئامانج. بەڵام ئێوە و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانتان هەر وەکوو هەموو مێژووی خۆڕاگریمان بە هیوایەکی گەش و ورەیەکی بەرز ڕاوەستاون و کوردستان نەک تەنیا بە پشت بەستن بە هێزی پێشمەرگەی فیداکاری بەڵکوو بە پشت ئەستوور بوون بە خەباتی سیاسی و مەدەنی و وزەی پێشکەوتنخوازانە و ئازادیخوازانەی مەشخەڵی ڕوونی ئەم دۆخە تاریکەیە. خۆڕاگریی کوردستان لەم ٤٧ ساڵەدا بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا بۆ بەرگری لە خاکی خۆی نەبووە بەڵکوو بۆ خوڵقاندنی دەسکەوتی نوێ و بونیاتنانی ژیانێکی شیاوی ئینسانی بووە. کوردستان تەنها بۆ خۆی نەجەنگیوە، بەڵکوو بۆ ئازادی، بۆ دادپەروەری و بۆ ژیان لەژێر سێبەری یەکسانی تێکۆشاوە و تێدەکۆشێ و خولقێنەری گوتاری نوێ و شۆرشی نوێ بووە.

لاوانی کوردستان! ئێوە وزەی گۆڕانکاری و مژدەی داهاتوویەکی ڕوونن، ئێوە دەنگی پەنگ خواردوی شەقامی ڕۆژهەڵاتن. ژنان و کچانی تێکۆشەر، ئێوە بڕبڕەی پشتی ئەم شۆڕشەن، کە ئازایەتیتان لە هەموو جیهان دەنگیداوەتەوە.

ئازادیخوازان، ئێوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە هیوا هەرگیز نامرێت. خۆڕاگر بن، یەکگرتوو بن.

کۆمەڵە وەک هەمیشە هاوخەباتی تێکۆشەرانی کوردستانە. ئێمە لە سەنگەری کوردستان، لە سەنگەری دادپەروەری و یەکسانی و ئازادیدا هاوسەنگەرتانین. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ساڵانێکە هەوڵ دەدا بە ڕوانینێکی چەپی کوردستانی ببێتە مەکۆی هەموو ئەوانەی لەم مێژووە پڕ لە فیداکاری و خۆڕاگرییەدا بۆ سەربەستیی نەتەوەیی، بۆ دادپەروەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بۆ یەکسانیی ڕەگەزی و ئازادی تێکۆشاون. لەم نەورۆزەدا ڕوو لە هەموو ئەو تێکۆشەرانە بانگەوازی یەکگرتنمان لە دەوری ڕەوتێکی چەپی کوردستانی دووپات دەکەینەوە.

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ساڵانێکە هەوڵ دەدا بە ڕوانینێکی چەپی کوردستانی ببێتە مەکۆی هەموو ئەوانەی لەم مێژووە پڕ لە فیداکاری و خۆڕاگرییەدا بۆ سەربەستیی نەتەوەیی، بۆ دادپەروەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بۆ یەکسانیی ڕەگەزی و ئازادی تێکۆشاون. لەم نەورۆزەدا ڕوو لە هەموو ئەو تێکۆشەرانە بانگەوازی یەکگرتنمان لە دەوری ڕەوتێکی چەپی کوردستانی دووپات دەکەینەوە. لەم نەورۆزەشدا یادی ئازیزانی گیانبەختکردووی ڕێگەی ڕزگاری و ئازادی و یەکسانی بەرز ڕادەگرین و ڕێز لە ئیرادە و خۆڕاگریی زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی سەربەرزی گیانبەختکردووان دەگرین.**

لەم نەورۆزەشدا یادی ئازیزانی گیانبەختکردووی ڕێگەی ڕزگاری و ئازادی و یەکسانی بەرز ڕادەگرین و ڕێز لە ئیرادە و خۆڕاگریی زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی سەربەرزی گیانبەختکردووان دەگرین.

لە نەورۆزی ئەمساڵدا پەیمانی خەبات و خۆڕاگری نوێ دەکەینەوە و دووپاتی دەکەینەوە کە شان بە شانی ئێوە لە هەوڵدان و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەست، ئازاد، یەکسان و دادپەروەرانە بەردەوام دەبین.

**ڕەزا کەعبی**
**سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

# هەڵەبجە، مەرگەساتێکی لەبیرنەکراو



عەزیز ئاجیکەند

**(یادێک لە قوربانیانی شاری هەڵەبجە کە لە مەملەکەتی ئازار و خوێندا بوونە قوربانی قیزەونترین پیلانی ڕەشی داگیرکەران)**

زستانی ڕەشی ساڵی ١٣٦٦ چەند ڕۆژی مابوو ماڵاوایی لە سروشتی جوانی دەشتی شارەزوور بکات، کە بەداخەوە چەند پەڵەی ڕەش باڵی بەسەر ئاسمانی دەشتی شارەزووردا کێشا و بێدەنگییەکی قورس ناوچەکەی لەئامێز گرت. چەند چرکەیەک دواتر، چەند فڕۆکەیەکی هەڵگری گازی کیمیایی بەسەر شاری هەڵەبجەدا گرماندیان. بەم جۆرە و تەنیا لەم چەند چرکەساتەدا، هەڵەبجە بوو بە قوربانی چەکە کیمیاییەکانی دەستکردی دەستی بەشەر و وەک قوربانیانی «هێرۆشیما و ناکازاکی» لە ئاستی جیهاندا ناسرا و بەم جۆرە ناوبانگی شارە خنکێندراوەکەی کوردستانی بۆ خۆی تۆمار کرد و هیچ خودایەکیش نەهات بە هانای لێقەوماوان و خنکێندراوەکانی ئەو شارە زامدارەوە...

بەرەبەیان بوو، سێبەرەکان بە هێمنی لە داوێنی مانگی ڕەشەمێدا شۆڕدەبوونەوە. هەڵەبجە، وەک دڵی شار چاوەڕوانی دیداری ئەویندارانی دەکرد. خوڕەی ئاوی جۆگەکانی تەنیشت شەقامی سەرەکیی شار بە هێواشی بەسەر پشتی شاردا ڕێگایان دەبڕی و تێکەڵ بە کلۆڵی سنووربڕ دەبوون. گەڕەکەکانی شار هەموویان لە سەمای ژیاندا بوون و خوازیاری ئارامی، بەڵام سێبەری شوومی نەهامەتیی شەڕی خوێنمژەکان هێشتاکە بەرۆکی وڵاتی بەرنەدابوو. بەرەبەیان بوو، چاوەکانی شار چەند فڕۆکەیەکی شەڕکەر لە سنووری ئاسمانی ڕەشەمێ و خۆرەتاودا بەدی دەکەن. فڕۆکە شەڕکەرەکانی دیکتاتۆرە خوێنمژەکەی بەغدا دیواری بێدەنگیی شار دەشکێنن و وەک میرغەزەب و نوێنەری ترس و مەرگ لە ئاسمانی ئەو بەیانییەی دەشتی شارەزووردا دەلوورێنن. ئەوان بۆ فڕێدان و خستنەخوارەوەی بۆمبەکان، خۆیان بۆ ناو قووڵایی شار شۆڕ کردووەتەوە و پاشان دووکەڵێکی سپی و زەرد وەک تۆڕی مەرگ و کارەسات جەستەی شار و شارۆمەندەکانی داپۆشی. بەم جۆرە و تەنیا لە چەند چرکەدا کارەساتێکی دڵتەزێن خولقا کە خەمێکی یەکجار قورسی خستە سەر دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان...

ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ڕەشەمێ، ئەو ڕۆژانەن کە تێیاندا ڕەوتی ئێمەش بێ خەسار نەبوو و زۆر بەداخەوە لەگەڵ ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەدا گوردانێک لە باشترین و پاکترین ڕۆڵەکانمان لەدەست دا. ڕووداوێک کە بە ڕوودانی، خوێنی سوور و گەشی هاوڕێیانمانی تێکەڵ بە خوێنی پێنج هەزار کەسی بێگوناه لە هەڵەبجە کرد. ڕێک سی و چوار ساڵ لەوەوپێش، لە کاتێکدا کە کۆمەڵانی ستەملێکراوی خەڵکی کوردستان چاوەڕێی هاتنی گوڵ و سەوزەڵانی و شنەی بای بەهاریان دەکرد، لە کاتێکدا دەشتی جوان و سەرسەوزی شارەزوور بەرگی ڕەنگاوڕەنگی لەبەر کردبوو و ئامێزی پڕ لە بۆن و بەرامەی بۆ نەورۆز و ساڵی تازە کردبووەوە، لە ئاوا ڕۆژێکدا، ڕق و قینی ئەژدیهای حکومەتی بەعس و دیکتاتۆرە خوێنڕێژەکەی بۆ لەناوبردنی بەهار و گوڵ، شادی و خۆشی، مرۆڤ و پەڵەوەر، ئاسمانی شینی هەڵەبجەی بۆ هەمیشە ژەهراوی کرد و گوڵاڵە سوورەکانی دەشتی شارەزووری ژاکاند و باڵندەکانی لە خوێندن لاڵ کرد و گریانی مندالّی ساوای بۆ هەمیشە لە گەروویدا بەند کرد. لە ئاوا ڕۆژێکدا بوو کە دوو حکومەتی بەعسی عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە درێژەی شەڕی کۆنەپەرستانەی خۆیاندا هەڵەبجەیان کرد بە گۆڕەپانی ئەو شەڕە و زیاتر لە ٥ هەزار ژن و پیاو و پیر و لاوی ئەم ناوچەیەیان قەتڵوبام و بە هەزاران کەسی دیکەشیان بریندار کرد و بەو چەشنە یەکێک لە دزێوترین لاپەڕەکانی مێژووی پڕ لە سەرکوت و جەنایەتی خۆیان تۆمار کرد.

بەڵێ دوا ڕۆژەکانی مانگی ڕەشەمێ و نزیکبوونەوەی بەهاری ١٣٦٧ بوو. شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق ٨ ساڵی ڕەبەق درێژەی کێشابوو. بە سەدان هەزار مرۆڤ لەم شەڕە بێ ئاکام و کۆنەپەرستانەیەدا کوژراو و بریندار و ملیۆنەها کەس ئاوارە و دەربەدەر ببوون. دەسەڵاتدارانی شەڕخواز لە بەغدا و تاران خوێن تێری نەکردبوون. ئەژدیهای شەڕ هەروا لە بەرەکانی کاولکاری وماڵوێرانیدا جەستەی ئینسانەکانی هەڵدەلووشی. ناڕەزایەتی دەرهەق بەو شەڕە لە ئاستی ناوخۆ و دەرەکی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەستاند. ماندوویەتی بە جەستەی زامداری سەربازانی شەکەت لە شەڕ لە هەردوو لا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو...

ڕۆژی ٢٥ی مانگی ڕەشەمێی ١٣٦٦ فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەرتەشی عێراق بۆمب و تەقەمەنی ژەهراوییان لە فڕۆکەخانەی کەرکووک و شوێنەکانی دیکە هەڵگرت و بەرەو هەڵەبجە فڕین. فڕۆکەکانی مەرگ لە دەشتی سەرسەوزی شارەزوور نزیک بوونەوە و شاری هەڵەبجە و دەوروبەریان بە ئاگر و بۆمب و ژەهر داپڵۆسی. لە چەند چرکەساتدا شارێک خاپوور بوو. ٥ هەزار ئینسانی بێتاوان بە تاک و بە کۆمەڵ بوون بە قوربانی دەسەڵاتدارانی تاران و بەغدا.

بەم شێوەیە ئەژدیهای خوێنمژی بەعس بە بۆمبارانکردن و ڕژاندنی ژەهری ئینسانکوژ، هەزاران ئینسانی ستەملێکراوی لە ژیان بێبەری کرد و مۆری جەنایەت و دڕندەیی بە لەش و جەستەی هەزاران ئینسانی ئازارچێشتووی دیکەوە بەجێ هێشت. هەزاران دایک و باوکیان جەرگسوتاو کرد و گەرمی خۆشەویستی و ئەویندارییی ئەوانیان لە هەزاران مندالّ زەوت کرد...

کۆمەڵە و برینێکی قورس

دیارە کۆمەڵەش لەم ڕووداوە، برینێکی یەکجار قورسی هەڵگرت و یەکێک لە باشترین گوردانەکانی خۆی لەدەست دا. لەو ڕۆژانەدا و لە کاتێکدا کە گزنگی خۆری بەرەو بەهار بەستەڵەکی سەرمای زستانی بەرەو تواندنەوە دەبرد و سروشت بە هیوای لەبەرکردنی بەرگی بە گوڵ ڕازاوەی بەهاری بوو، هاوڕێیانی گوردانی شوان کە تا ئەو دەم دەیان شانۆ لە فیداکارییان لە مەیدانەکانی خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و نیزامیدا خولقاندبوو، نەخوازراو کەوتنە نێو تەنوورەی ئاگری شەڕی کۆنەپەرستانەی دوو ڕژێمی جەنایەتکاری ئێران و عێراق و لە شەڕێکی داسەپێندراو و نابەرانبەردا، بوونە قوربانی و سەربەرزانە گیانیان بەخت کرد...

دەقی کارەساتەکە لە زمانی فەرماندەکانی ئەو کاتی کۆمەڵەوە...

هاوڕێیانی کۆمەڵە ڕۆژی (٢٥)ی ڕەشەمێ، هەست بە جموجۆڵی تازەی بەرەکانی شەڕ دەکەن و دوای هەندێک ڕاپرسی و لێکدانەوەی بارودۆخەکە و دەستڕاگەیشتن بە هەندێک زانیاری دروست لە چەندین سەرچاوەی گرنگ لە پشتی بەرەکانی شەڕ، بەو قەناعەتە دەگەن کە ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی قورس لە ناوچەکە و لە نزیک بنکەکانی کۆمەڵە لە ئاوایی بیارە لەئارادایە. ئەو کات گوردانی شوان لە ئاوایی بیارە هەم وەک پشتی جەبهە و هەم وەک حەسانەوە جێگیر کرابوون...

پاش هەڵسەنگاندنی دۆخەکە و دڵنیابوون لە نائەمنبوونی ناوچەکە، کۆمەڵە بڕیار دەدات پاشەکشە بە گوردانی شوان بکات و ئەوان لەو شوێنە پڕ لە مەترسییە دوور بخاتەوە. بۆ جووڵاندنی هاوڕێیانمان لە گوردانی شوان و ڕاگواستنی ئەوان بۆ شوێنێکی ئەمن و پاشەکشێ پێکردنیان، دوو ڕێگا لەبەردەم هاوڕێیانی بڕیاردەردا هەبوو. بەپێی لێکدانەوەکان ڕێگایەکیان بە ناوەڕاستی جەبهەکاندا تێدەپەڕی، کە ناوچەی کوێستانی سوورێن بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی بە هێزی دوژمن تەنرابوو، ڕێگەیەکی پڕ مەترسی دەهاتە بەرچاو. کەواتە دەبوایە بۆ پاراستنی هاوڕێیانمان ژیرانە لەم پەیوەندییەدا بڕیار بدرێ. هەر ئەو کات هێزێکی حیزبی دیموکرات بە ڕێنوێنی و هاوکاریی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی توانیبوویان لەو ڕێگەیەوە دەرباز بن. هاوڕێیانی ئێمە زۆر بەداخەوە بە هەر هۆکارێکی ئەو سەردەمە بووبێ، نەیانتوانیبوو لەو هاوکارییە بەهرەمەند ببن...

ڕێگای دووەمیش کە جێگای تێڕامانی زیاتری هاوڕێیانی بڕیاردەری کۆمەڵە بوو، ڕێگای دەشتایی بوو، کە ڕێگای دەشتایی ئەگەرچی بە ڕواڵەت ئەمینتر دەکەوتە بەرچاو، بەڵام ئەویش لەبەردەم نووکی هێرشی هێزەکانی ڕژێمی ئێراندا دەبوو. هاوڕێیانی گوردانی شوان دوای لێکۆڵینەوەی زۆرتر، سەرەنجام بڕیار دەدەن ڕێگای دەشتایی هەڵبژێرن و بەرەو نزیکترین ئاوایی (عەنەب) کە لەبەردەم ڕێگای هاتوچۆی هاوڕێیانماندا بوو دەکەونە ڕێ. هاوڕێیانمان کاتێک دەگەنە ئاوایی (عەنەب) لەگەڵ کۆمەڵێک زانیاریی تر و ئاگاداریی تر ڕووبەڕوو دەبن...

زۆر بەداخەوە هاوڕێیانمان ئاگادار دەبن کە هێرشێکی کوت و پڕ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە هاوکاریی هێزەکانی بەرەی کوردستانی کراوە و بەشێکی زۆر لە ناوچەکەیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیان، و بەداخەوە پردی سەرەکیی ڕێگای پاشەکشە کە سەید سادقی بە هەڵەبجەوە دەبەستەوە (واتە پردی زەڵم) خاپوور کراوە. بە ڕووخانی ئەو پردە، هاوڕێیانمان ڕێگایەکیان نەدەما غەیری ئەوەی کە لە دەریاچەی دەربەندیخان بپەڕنەوە...

هێزێکی یەکجار زۆری ئەرتەشی عێراق لەو ناوچەیە بڵاوەی پێکرابوو و هاوڕێیانی گوردانی شوان پێشبینی دەکەن کە پردێکی کاتی لە شوێنێکی چۆمی سیروانەوە لێبدرێ و ئەوانیش بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن. هەر بۆیە ڕێگاکەی خۆیان درێژە دەدەن بەو هیوایەی کە ڕێگایەک بۆ پاشەکشێ بکرێتەوە. بۆیە هاوڕێیانی گوردانی شوان لە درێژەی ڕێگای خۆیاندا ڕوو لە شارۆچکەی سیروان دەکەن. کە بەداخەوە لەوێش ئاگادار دەبن کە دەوروبەری ئەو شارۆچکەیەش شەڕی تێدایە و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی خۆیان گەیاندووەتە ئەوێ و لەو شارۆچکەیە جێگیر دەبن...



...بۆ ل١١

# کۆمەڵە و پرسی یەکسانیی ڕەگەزی

**دوارۆژ**

بەشێک لە بەیانییەی سیاسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بڕوای تەواو بە بایەخی یەکسانی ئینسانەکان بناغەی ڕوانینی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ مەسئەلەی یەکسانیی ڕەگەزییە. هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و جنسییەت و مەیلی جنسی خاوەن ڕێز و مافی یەکسانن. مافخواراو بوونی ژنان و کەمینە جنسی و جنسییەتییەکان خەسارێکی کۆمەڵایەتیی دنیای باوکـ پیاوسالارە کە سیستمی قازانجپەرەستی کاپیتالیزم بەرهەمیدەهێنێتەوە و بەهێزی دەکات و ئایینەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان یاسای بەهێزکردن و هێشتنەوەی دادەنێن. بەڵام لە هەر شوێنێک لەوانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێی دۆخی کولتووری، سیاسی، ئابووری، ئایینی و هتد، تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە ئاستی جۆراوجۆردایە و پێویستی بە چارەسەری گونجاو لەگەڵ ئەو دۆخە تایبەتەدا هەیە. بەشێوەی دیار داگیرکراوبوونی کوردستان لەسەر دۆخی یەکسانی لە کۆمەڵگادا وەکوو هەموو بابەتەکانی دیکە کاریگەریی نەرێنیی هەیە. لە باسی یەکسانیدا، ژنان وەکوو ڕەگەزێک کە هەم ستەمە مێژووییەکە لەسەریان بەرچاوترە و هەم زۆرینەیەکی ستەملێکراون لە ناو بازنەی ستەمی ڕەگەزیدا و هەم خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژی خەبات لە جیهان و کوردستانن، پێویستە گرنگیی تایبەت بە خەباتەکەیان و بزاڤەکەیان بدرێت. سەرەڕای بەرەوپێشچوونی بەهێز و باشی خەبات و بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا پێویستە کاری جیددی بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاریی کۆمەڵگا ـ بەتایبەت ژنان کە خەساردیتووی سەرەکیی ئەو نایەکسانییەن ـ بکرێت. ئەو وشیارییە دەبێتە هەوێن و هۆکاری بەهێزتربوون و بەرەوپێشچوونی زیاتری خەباتی یەکسانیخوازانە بە واتایەکی دیکە، ڕێگەی سەرەکیی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان لە کۆمەڵگایەکی وشیارەوە تێدەپەڕێت. ساڵانی پاش ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژن بەتایبەت لە کوردستان بە خێرایی گۆڕانی بەسەردا هات. کۆمەڵە لە کوردستان زیاتر لە هەر ڕەوتێکی سیاسی دیکە، وەک حیزب و داکۆکیکاری مافەکانی ژنان، ناسرا. پەیوەست بوونی پۆل پۆلی ژنان بە کۆمەڵەوە، چ لە ڕێکخستنەکانی شار و چ لە خەباتی پێشمەرگانە و لە سەنگەری شەڕی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە داگیرکەر، شاهیدی فێمینیست بوونی کۆمەڵە و ئامادەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵەیە بەرامبەر بە پرسی یەکسانیی ڕەگەزی و خەباتی ژنان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ستەم و هەڵاواردنەی لە سەریانە. ئەمە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی مێژووی و جێ شانازیی کۆمەڵەیە.



ئەم بەشدارییە بەرین و پڕناوەرۆکە یەکسانیخوازانەیە کە سەرەڕای بەستێنی نالەبار و دژایەتیی بیری دواکەوتوو توانی زەبرێکی گەورە لە هەڵاواردن دژ بە ژنان بدا و خەباتیان بباتە ئاستێکی نوێ و باسی مافی ژنان بکاتە یەکێک لە ئەجێنداکانی خەباتی سیاسیی کوردستان، ڕواڵەتێکی پێشکەوتووانەتر و ناوەڕۆکێکی یەکسانیخوازانەی ئەوڕۆیی بە بزوتنەوەی کوردستان بەخشی. ژنان لە کوردستان لە مەیدانی ئیعتیرازی سیاسی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان و سازدانی ڕێکخستنە پیشەییە نوێکان و دواتریش لە مەیدانی بەرگریی پێشمەرگانەدا، وەها بەشدارییەکی کاریگەر و چالاکانەیان بوو کە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان. ئەمڕۆ و لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا کە کۆمەڵە ڕێخۆشکەر و ڕێکخەری بوو بەشداریی ژنان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبی و، لە نێو ڕێکخراوە مەدەنی و سەربەخۆکاندا لە کوردستان، بەرچاوتر و بەرینترە. دەرکەوتنی سیمای جۆراوجۆری ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و زانستی لە ناو ژنانی کوردستان، قورساییەکی زۆرتر دەبەخشێتە پێگەی ژنان لەم کۆمەڵگایەدا و شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بەڵگە حاشاهەڵنەگری ڕەوتی خێرای ئەو پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونەیە. هەر بەو پێیەش پێویستیی بەشداریی ژنان لە ڕێبەرایەتی و ڕێکخستنی حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکاندا و لە داهاتووی ڕزگاریدا لە هەموو ناوەندەکانی بڕیار و دەسەڵاتدا، حاشاهەڵنەگر و یەکلاکەرەوەیە. هەوڵ بۆ دابەشکرانی یەکسانی دەسەڵات و کاریگەریی کۆمەڵایەتی لە حیزب و کۆمەڵگا لە نێوان ژنان و پیاواندا مانای ئەوەیە سەرچاوەکانی بڕیاردان تا ئەو ئاستەی دەکرێ بە شێوەی یەکسان دابەش بکرێن هەروەها ژنان و پیاوان دەرفەتی یەکسانیان هەبێت بۆ ئەوەی لە بڕیارداندا بەشدار بن. ئەمە تەنها بەو واتایە نییە کە بە ئەژمار یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاواندا هەبێت بەڵکوو کاریگەریی یەکسان لە ناوەندەکانی دەسەڵات دەبێت دابین بکرێت. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و خێزانیدا خوازیاری یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو و ڕەگەزەکانی دیکەیە و پابەندە بە هەوڵ بۆ یەکسانیی تەواوی ماف و دەرفەتی ژیان و پێشکەوتن بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، بۆیە هەوڵ بۆ سڕینەوەی هەموو ئاسەوارە خراپەکانی نایەکسانیی ڕەگەزی دەدا و ئامانجی سڕینەوەی هەڵاواردن لەسەر بنەمای ڕەگەز لە شوێنی ژیان و کار و نێو کۆمەڵگایە. لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە دەستەبەرکرانی مافە زەوتکراوەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا و هەوڵ بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە نایەکسانی و هەڵاواردنێکی ڕەگەزی و دابین کردنی دەرفەتی یەکسان لە هەموو شوێنەکانی ژیان، کار، خوێندن و ناوەندە دەوڵەتی و شەخسییەکان یەکێک لە سەرەکیترین کۆڵەکەکانی کۆمەڵگایەکی ئینسانییە. خەباتی یەکسانیخوازانە بە هۆی بەرینی و قووڵبوونی ئەو ستەمە، خەباتێکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێویستی بە کاری تایبەت هەیە و نابێ هێزی بزووتنەوەکەی بکرێتە قوربانیی خەباتی دیکە، یان وزەکەی لە خزمەت خەباتی دیکەدا بێ، بەڵام خەبات بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی لە خەباتی دیکەش هەڵپێکراوە و ستەمەکە دەبێ لە ڕوانگەی لێکدراوبوونی چەند لایەنەی ستەمەکانەوە ببیندرێ و زۆر ستەمی دیکە دۆخی خەباتی یەکسانیخوازانە لە کوردستان لە شوێنەکانی دیکە و وڵاتانی دیکە جیادەکاتەوە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیارترینی ئەو ستەمانە ستەمی نەتەوەیی و ستەمی چینایەتییە. لە داهاتووی کوردستاندا و پاش ڕزگاری لە دەستی دەسەڵاتی داگیرکەر یاسای وڵات دەبێ بە پێی مەرجە یەکسانیخوازانە و مرۆڤییەکان و دوور لە هەرجۆرە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی دابڕێژرێت و تێیدا کاسبی کردن بە جەستەی تاکەکان و بەکارهێنانیان وەکوو کاڵای تیجاری (Trafficking)، هەموو ئەو کارانەی لە پەیوەندیی تاکەکەسیی ئینسانەکاندا ژن وەکوو کاڵا دێننە ئەژمار، هەڵاواردن لە ژیانی هاوبەش و پەیوەندیی خێزانی و خۆشەویستانە، توندوتیژی دژی ژنان و ڕەگەزەکانی دیکە لە هەر شێواز و فۆرمێکدا، دەستێوەردانی ئایین و کولتووری باوک/پیاوسالار لە یاسای مەدەنی و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە مەسئەلەی ڕەگەزی قەدەغە بێ. دەسەڵاتی سیاسیی وڵات دەبێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خەسار و ئازارانەی ژنان لەبەر دەسەڵاتی باوک پیاوسالار لە کۆمەڵگادا تووشی بوون، پلانێکی درێژخایەنی بۆ یارمەتیی هەمەلایەنەی کەسانی خەساردیتوو و زوڵملێکراو هەبێ. ڕێگەی سەرەکیی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان لە کۆمەڵگایەکی وشیارەوە تێدەپەڕێ. سیستەمی پەروەردە لە کوردستان دەبێ کار بۆ گۆڕینی نۆرمە پیاوسالارانەکانی کۆمەڵگا بکا و هەوڵ بدات بۆ جێگربوونی ڕوانینێکی یەکسانیخوازانە لەباتی ڕوانینێکی پیاوسالارانەوە و دوور خستنەوەی نەوەی نوێ لە تێگەیشتنە چەقبەستووەکان لەسەر دەور و ئەرکی ژن و پیاو و ڕەگەزەکانی دیکە لە کۆمەڵگا و لە پەیوەندییە تاکەکەسییەکاندا. شۆڕشی ژینا و ناوەڕۆکی بزووتنەوەکە و چالاکیی ژنان و بنەماڵەی پەلکەزێڕینە لەو شۆڕشەدا و ڕۆڵی بەرچاو و پێشڕەویان لە شەقامی کوردستان، دەریخست خەباتکارانی یەکسانیخوازی کوردستان لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیریدان و ئەم بارودۆخە بۆ کۆمەڵە دەرفەتگەلێکی نوێ دەخولقێنێت کە بە توانا و زەرفیەت و متمانە بەخۆبوونێکی زیاترەوە، پەرە بە هزری مرۆڤی و پێشکەوتووانە و یەکسانیخوازانە بدات. چۆنیەتیی کاریگەریی ڕووداوەکانی وڵات، ناوچەکە و جیهان لە سەر دۆخی ژنان و مافەکانیان، لە هەڵوێستی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستاندا بەرامبەر بەو ڕووداوانە کاریگەریی یەکلاکەرەوەی هەیە و یەکسانیخوازی یەکێک لەو بنەما سەرەکییانەی کە کۆمەڵە سیاسەت، هاوپەیمانی و هاوکارییەکانی خۆی لەسەر دادەڕێژێت. لە کوردستانێکی سەربەست و ئاوەدان و دیموکراتیکدا کە دادپەروەریی ئابووری لە ئاستێکی بەرزدا بێ و دەسەڵات و سیستەمی پەروەردە لەسەر بنەمایەکی مرۆیی و یەکسان دامەزرابێتن و کولتووری باوک/پیاوسالار و ئایینی پشتیوان و پەرەپێدەری نەتوانن ڕێگری لە ئازادی و یەکسانی بکەن، ئامراز و پشتیوانی بۆ ئینسانی یەکسانیخواز زیاترە و دەرفەت بۆ ڕۆیشتن بەرەو ڕزگاریی یەکجاری لە زوڵم و ستەمی جینسییەتی تا ڕادەیەکی زۆر زیاد دەکات.

# چەپی کوردستانی، سۆسیالیزم و ئیستراتژی نەتەوەیی.!



پەرویز ڕەحیمزادە

درێژەی لاپەڕی ١

کاتێک لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم سیستەمی سۆسیال دیمۆکراسی لە ئۆروپا بێچمی گرت خەڵکیان بەوە لە دەوری ئەو پڕۆژە کۆکردەوە کە ئەوان بە جێگەی ئەوەی ڕێگەی شۆڕش بۆ گەیشتن بۆ کۆمەڵگەی سۆسیالیستی بگرنە پێش، دەیانەوێ لە ڕێگەی ڕیفۆرمەوە هەنگاو بەرەو ئەو ئامانجە هەڵبگرن. بەڵام ئەم ئەندێشە ئێستا پاش زیاتر لە یەک سەدە نەک هیچ ڕەخنەو پلانێکی لە بەرانبەر سەرمایەداری نیە، بەڵکوو خۆی بەشێکە لەم سیستەمە و بە مەبەستی مانەوە لە دەسەڵاتی سیاسیی تا دێت لە بەرەی لیبراڵەکان نزیکتر دەبێتەوەو دەبێتە هاوبەشی پڕۆژەکانیان. کەواتە ئەو ڕێبازەی بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە ڕێگەی گەشتن بە سۆسیالیزم لە سۆسیال دیمۆکراسیەوە تێپەڕ دەبێت نەک ناڕاست بوو، بەڵکوو تەم و مژێکی گەورەشی لەسەر بزووتنەوەی سۆسیالیستی پێکهێنا کە ئاسەوارەکانی بوونە هۆی ئەوەی بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ چینی کرێکاری بە تەواوی تەسلیمی لۆژیکی سەرمایەداری کرد بۆ ئەوەی پێش بە گۆڕانکاریی لەو سیستەمدا بگرێت. لە لایەکی دیکەوە سۆسیالیزم وەک ئەندێشەیەکی مۆدێرن کە لە ڕەخنە لە لیبراڵیزم و بازاڕی ئازاد لە سەدەی ١٩ شکڵی گرتبوو، دەیویست پڕۆژەی دیمۆکراسی لەو قۆناغەی کە کرانەوەیەک هاتبووە ئاراوە لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیی، بە جۆرێکە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا نەک تەنیا لە پرۆسە سیاسیەکەی بەڵکوو لە بواری ئابووریەکەیشیدا جێگیر بکات، واتە خاوەندارێتی گشتی بەسەر کەرەسەکانی بەرهەمهێنان. ئەوە ڕاستە کە لە دیمۆکراسی سەرمایەداریدا مافی ئازادانەی بەشداری سیاسی و ئازادیی کۆمەڵایەتیی تاک بەرهەم دێت، بەڵام تێڕوانینی سۆسیالیستی بۆ پرسی دیمۆکراسی مانایەکی قووڵتر پەیدا دەکات، واتە مۆدێلێکی ڕادیکاڵ لە دیمۆکراسی کۆمەڵایەتی بە مانای کۆنترۆڵی گشتیی بەسەر پڕۆسەی کار و بەرهەمهێنان. ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە نابێ دیمۆکراسی کورت بکرێتەوە تەنیا بۆ بەشداریی سیاسی، بەڵکوو دیمۆکراسی دەبێ هاوکات لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووریش گەشە بکات، چونکوو کاتێکە دیمۆکراسی تەنیا بەرتەسک بکرێتەوە بۆ بەشداریەکی سیاسی لە پرۆسەیەکی دەنگدان یا ئازادیی ڕادەربڕین، ئیتر لێرەدا پرسی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە بواری ئابووریی پێشتگوێ دەخرێت بۆ تاقمێک کە لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان کۆمەڵگەیەکی نایەکسان بەرهەم دەهێنن. بۆ وێنە هەر ئەم دیمۆکراسیە سەرمایەداریە بوو کە بەستێنی بۆ هەڵگیرسانی دوو جەنگی گەورەی جیهانیی ڕەخساند کە لە ئاکامیدا دەیان ملیۆن گیانیان لەدەستداو تووشی هەڵاواردن وماڵوێرانی بوون. لێرەدا مەبەست لە هێنانە بەرباسی ئەم دەستەواژانە ئەوەیە کە بوترێت دیمۆکراسی بە بێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە بواری ئابووریی پرۆژەیەکی ناتەواوەو پێچەوانەکەشی سۆسیالیزمێ کە بەتاڵ بکرێتەوە لە هەموو پێوەرێکی دیمۆکراتیک، ئاکامەکەی دەبێتە ئەو کارەساتەی لە یەکیەتی سۆڤیەتی ناپێشکەوتوو سەریهەڵدا کە نەک نەیتوانی ئەو ئامانجە بپێکێت بەڵکوو بە شێوەیەکی ملهۆڕانە لە دژی دیمۆکراسی وەستایەوەو ئاکامەکەشی بوو بە دەسەڵاتێکی تۆتالیتر

کە نەک هیچ پێوەندیەکی بە سۆسیالیزمەوە نیەو نابێ بەو ئەندێشە بناسرێتەوە، بەڵکوو ئەو ئەزموونە کە دەیتوانی ببێتە ئۆلگوویەک بۆ مرۆڤایەتی، وەک نمایشێکی هێڵنجاوی لە مێژوودا خۆی دەرخست. کەواتە وێڕای دەسکەوتەکانیش پێویستە بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئەو ئەزموونانەی چەپی سەدەی پێشوو بڕوانین و بەلەبەرچاو گرتنی ڕاستیەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگا، بەشێک بین لە سەرپێخستنی دیسکۆرسێکی نوێی چەپ لە کوردستان. ئەوە ڕاستە کە لە ئێستادا سەرمایەداریی سیستەمی زاڵە بەڵام ئەمە بەو مانایەش نیە کە ئەوان دەتوانن وەک ڕابردوو خەباتی ئازادیخوازانەو یەکسانیخوازانەی خەڵک تێک بشکێنن و ڕێگە نەدەن دەنگیان هەڵبڕن، بەڵام ئەوەی ڕوونە بەرەی سەرمایەداریی هەوڵدەدات پێش بە سەرهەڵدانەوەی ڕەوتی چەپ و سۆسیالیستی لە هەموو جیهاندا بگرێت، وە بۆ ئەم پلانەش ساڵانە بە میلیارد دۆلار بووجە بۆ هەموو دام و دەزگا ئەمنیەتی، سەربازی، میدیایی و □لە ئاستی جیهان تەرخان دەکەن کە دژی بەرەی چەپ بەکاری بهێنن. بەم کورتە دەسپێکەوە مەبەست ئەوە بوو کە وێنەیەکی گشتیی لە بارودۆخی سیستەمی زاڵی جیهانی نیشان بدرێت کە مرۆڤایەتی لە چ دۆخێکدایە، بەڵام ئەمەش بەو مانا نیە کە ئەوە تەنیا یەک لێکدانەوەو ئاڵترناتیڤی جیهانی دەتوانێ پێش بەم قەیرانانە بگرێت. وەک دەزانین لە ئاستی هەموو وڵاتاندا ئەندێشەو ڕەوتە چەپەکان بوونیان هەیە و لە ئاستی هەڵسووڕانی سیاسی، ڕێکخراوەیی یان خەباتی پەرلەمانی چالاکن، بۆیە دەکرێ ئەو وێنەیە ببینرێت کە ئەگەر خوێندنەوەیەکی نوێیان بۆ ڕووداوەکان هەبێ لە درێژماوەدا ئەو هێزانە هەر کامەیان لە وڵاتانی خۆیان دەبنە زۆرینەو هەم بەم پێیەش دەکرێ هاوکات لەگەڵ ئەوەی خۆی دەپارێزێ لە شەڕو ئاژاوە، لە درێژەی خەباتێکی دیمۆکراتیک جارێکیتر بێتەوە سەر شانۆی گۆڕانکاریەکان. بەڵام بەرەی چەپی هەر کۆمەڵگایەک پێویستە بە پێی هەڵکەوتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆی، هەوڵ بۆ وێناکردنی خۆی بدات، واتە لەمبارەوە پەیڕەوکردنی ڕەهەندێکی گشتگیری جیهانی وەڵامدەرەوە نیە و بەڵکوو ئەگەری ئەوەی هەیە کە جارێکی دیکە کۆمەڵگای جیهانی بەرەو ئاراستەی شەڕی گەورە ببات. هەر بەم پێیەش فۆرموولەکردنی پرسی چەپ لە کۆمەڵگای ئێمە "کوردستان" دەبێ ئەو ئاراستەیە بە خۆیەوە بگرێت و نابێ وا لێک بدرێتەوە کە هەر سەر لە بەیانی ڕۆژی ڕاپەڕین بە واتای شۆڕشی سۆسیالیستی و هەناردەکردنی ئەم شۆڕشەیە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، ئەوە جیا لەوە کە لێکدانەوەیەکی هەڵەیە لە بارودۆخی هێز لە هەموو جیهان، لە هەمانکاتیشدا بەرەی چەپ و سۆسیالیستەکان لە خوێندنەوەیەکی ئەمرۆیی و زانستیانە دوور دەخاتەوەو بەرەو دەمارگرژی ئیدۆلۆژیک و پەراوێزخستن پاڵیان پێوە دەنێت. لە جیهانی ئەمڕۆدا برسیەتی، نەخۆشیگەلی پەرەسێنەر، ڕەوتی بەردەوامبوونی لەناوچوونی ژینگە، هەڵگیرسانی شەڕی ئایینی و □ هتد ئەو دیاردانەن کە سیستەمی سەرمایەداریی کۆن و نوێ بەرهەمی هێناون. لە وڵاتانی جیهانی سێهەم ساڵانە هەزاران منداڵ بە هۆی برسیەتی و نەخۆشی کە دەکرێ چارەسەر بکرێ، بەڵام ئەوان مەجالی دەسپێڕاگەیشتنیان نیە، گیانیان لەدەست دەدەن. ئەمانە هاوکاتە لەگەڵ ڕەوتی بەردەوامی تایبەتیکردنەوە "خ×و×ی سازی" شوێنە گشتیەکان وەک نەخۆشخانە، قوتابخانەکان، دامەزراوە گەورەکانی بەرهەمهێنان و ناچارکردنی کرێکاران بە ملدان بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی کاتیی "قرارداد موقت" کە هەموو ئەمانە لە درێژماوەدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی لە ڕادەبەدەری بێکاریی. بۆیە ڕەوتێکی چەپی کوردستانی دەتوانێ سەرلەنوێ لەسەر هەست بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر کۆی ئەو قەیرانانە، پێگەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە. ئێمە هەڵگری جۆرێک لە بیرۆکەی چەپین کە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا ئازادیی بەرهەم بهێنێت، واتە ئەم چەپە دەبێ خۆبەڕێوەبەر، خاوەن سەروەریی سیاسی، فێمێنیست، پارێزەری ژینگە ومافی جێندەر، ئاشتیخواز و پلۆڕاڵ و سێکۆلار و بەرگریکاری بەرینترین دیمۆکراسی بێت.

لە لایەکی دیکەشەوە چەپی نوێ دەبێ سنووری خۆی لەگەڵ ئەزموونە شکسخواردووەکانی چەپی کلاسیکی نیشان بدات کە هەوڵیانداوە لە سەرەوە پرۆژەکانی خۆیان بەسەر جەماوەردا بسەپێنن، بەڵکوو بە بەرینکردنەوەی دیمۆکراسی بە شێوەی ڕادیکاڵ مەجالی ئەوە بڕەخسێنێت کە جەماوەری خەڵک بە دەسپێشخەری و داهێنانی خۆیان کۆمەڵگا ئیدارە بکەن. چەپی کوردستانی و چەپ لە جیهان بیری یەکسانی و بەرابەریی مێژوویەکی کۆنی هەیەو لەو کاتەوە مرۆڤ هەیەو بیردەکاتەوە پرسی عەدالەت یەکێک لەو بابەتە هەرە گرینگانەیە کە بەردەوام خولیای وەدەستهێنانی وەڵامەکەیەتی. کەواتە پێش مارکسیش بیری یەکسانی و سۆسیالیستی جەمسەرێکی گرینگی خە با تی‌مرۆڤ بووە لە دژی هەڵاواردن، بەڵام ئەوەی سۆسیالیزمی مارکس لە ئەوانەی پێش خۆی و هاوکات بیرمەندانی چەپی سەردەمی خۆی جیا دەکاتەوە، خوێندنەوەیەکی زانستیە بۆ سۆسیالیزم لە بابەتێکی ئەخلاقی و ئۆتۆپیایی بۆ پرسێکی هەستپێکراوی کۆمەڵایەتی کە ئەمە گرینگترین خاڵی جیاوازی نێوان سۆسیالیستەکانی ئەو سەردەمەیە کە مارکس بە لێکۆڵینەوەی قووڵ و وردبینانە ئەم تیۆریەی گەیاندە لووتکەو کردی بە یەکێک لە گوتارە زاڵەکانی سەردەمی خۆی کە پێگەیەکی بەرینی جەماوەریی دەستەبەرکرد. سەدەی نۆزدەهەم لە ڕۆژئاوا گەشەی پیشەسازی لە شارەکان دەرگایەکی بەرینی بەرەوڕووی چینێکی بەرینی کۆمەڵایەتی کرێکاران کردەوە کە هێزی کاری خۆیان لە نێو کارگەو کارخانەکان لە پێناو بەرهەمهێنان و حەقدەستی شیاو بفرۆشن و بەمشێوە هەم لە قەیرانی بێکاریی کۆتاییان بێ و هاوکات بەشدار بن لە کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و بەمشێوە مەجالێکیشی ڕەخساند کە دیمۆکراسی تێیدا گەشە بکات. هەر لەو سەردەمەدا بە خێرایی دەرکەوت کە خاوەنانی سەرمایە بە دڕندانەترین شێوە و لە ژێر باری قورسی کارو بە درێژکردنەوەی کاتی ڕۆژانەی کار، بارودۆخێکی وەها دژواریان بۆ ئەم چینە نوێیە خولقاندووە کە جیا لە ماندووبوون و دانی حەقدەستی مەمرەو مەژی شتێکی ئەوتۆیان بۆ نەمێنێتەوە وەک مارکس لە کتێبی سەرمایە باسی دەکات، نۆ لەسەر دەی ژیانی ئینسان تەنیا هەوڵە بۆ مانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دیمۆکراسی سەرمایەداریی بە ناچار بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کۆی پرۆژەکانی واتە کەڵەکەبوونی هەرچی زۆرتری سەرمایە پێویستی بە گەشەی هاوتەریب (توسعە موزون) بوو کە بیرکردنەوە جیاوازەکانیش لە ژێر ناوی دیمۆکراسی تێیدا مەجالی دەربڕینیان هەبێ بەڵام ئەو دیمۆکراسیەی کە دوور بێ لە داواکاریی ئابووریی و تەنیا کورت بکرێتەوە بۆ هەندێ مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ تاک. هەر لە سەدەی نۆزدەهەمی گەشەی سەرمایەداریی، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی کرێکاران پانتاییەکی زۆری بە خۆیەوە گرت بۆ وێنە لە فەڕانسەی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لە ماوەی یەکساڵدا ٤٠٦ خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی کرێکاریی بەڕێوەچوو، ئاڵمانی پیشەیی ببووە یەکێک لە ناوەندە گەورەکانی ڕێکخراوە کرێکاریەکان، بەمجۆرە بیری سۆسیالیستی کە لە بنەڕەتتدا ڕەخنەو وەستانەوە بوو لە دژی لیبرالیزمی سەردەم، هێورهێور هەموو تان و پۆی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی تەنیبوو وە ڕێکخراوبوونی کرێکاران و هاوپێوەندیان بە کرێکارانی دیکەی وڵاتانی دەوروبەر کە تا دەڕۆیشت پانتایی گەورەتری مسۆگەر دەکرد، ترس و دڵەڕاوکێی خستبووە دڵی دەسەڵاتداران، بۆیە وردە وردە کێبڕکێی نێوان خاوەنانی سەرمایە لە پێناو زیادەخۆیی زیاتر لە لایەک و مەترسی شۆڕشی کرێکاران، کۆمەڵگای ڕۆژئاوای لە دەهەی دووهەمی سەدەی بیستەم بەرەو شەڕی یەکەمی جیهانی پاڵ پێوەنا کە تێیدا بە مانای واقیعی کرێکاران بوونە دەستەچیلەی ئاگری ئەو شەڕە. بەڵام جیهان لە سەدەی بیستەم کە ڕێکخراوی کۆمەڵەش بەرهەمی بەشێک لەو گۆڕانکاریانە بوو گەلێک ڕووداو کاریگەریان لەسەر دانا. دوای ئەوەیکە شۆڕشی ئۆکتۆبر لە ١٩١٧ ڕوویداو قەڵای تێزار ڕووخاو ترووسکەیەک بۆ دامەزرانی سۆسیالیزم لە ڕووسیە دەرکەوت، ئەو ئەزموونە

کە دەیتوانی وێنەک بە هەموو جیهان لە ژیانێکی باشترو ڕێزگرتن لە مرۆڤ و یەکسانی نیشان بدات بووبە خراپترین ئۆلگووی حوکمڕانی سیاسی کە بە ناوی سۆسیالیزمەوە ناسرا بە ئێستاشیەوە. لە کاتێکدا کە بە پێی تیئۆری مارکس بیرۆکەی گشتیی سۆسیالیزم دەبێ بەرەو دابەشکردنی ساختاری دەسەڵات و ئابووریی هەنگاو بنێ، بەڵام لە یەکێتی سۆڤیەت بە پێچەوانە دەسەڵات و ئابووریی لە دەست یەک حیزبدا قۆرخکراو نەک سۆسیالیزم دانەمەزرا بەڵکوو سیمایەکی ترسناک و شکستخواردووی لە ڕێبازی مارکس بە هەموو جیهان نیشاندا. بەڵام ئەم ئەزموونەش نیهایەتەن لە نێو خۆیدا شکستی خواردوو کۆمەڵێک لە بیرمەندانی چەپی سەدەی بیستەم هەرکامەو بە تێڕوانینی خۆی لە هەوڵی چاکسازی و وێناکردنەوەی سەرلەنوێی سۆسیالیزم بوون. کەواتە لەم سەدەشدا جۆرێکی دیکە لە تێڕوانین بۆ سۆسیالیزم و چەپی نوێ هاتە ئاراوە و بە تایبەت دوای ئەوەی بلووکی بەناو سۆسیالیستی درزی تێکەوت کە ئەوکات بۆ زۆرێک لە بزووتنەوە چەپەکانی جیهان هێماو ئۆلگوو بوو، چیدی خۆیان بەو ئەزموونەوە پێناسە نەدەکرد. شۆڕشی خوێندکارانی فەڕانسە کە بە خێرایی تێکەڵ بە بزووتنەوەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی بوو وە ڕەخنە بوو لە بارودۆخی زاڵ و هەوڵدان بۆ گەشەی زیاتری ئازادیی، نەک هەر فەڕانسە بەڵکوو زۆرینەی کۆمەڵگای وڵاتانی جیهانی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. لە لایەکی دیکەوە بزووتنەوەی فێمێنیستی لە حاڵی گەشەکردندا بوو وە چیدی ژنان لەوە زیاتر ئامادە نەبوون کە لە ژێر گوشاری کلتووری دواکەوتووانەی ئایینی و پیاوسالارانە درێژە بە مانەوە بدەن و بەمشێوە جۆرێک وشیاریی کۆمەڵایەتی لەمبارەوە لە ڕۆژئاوا گەشەی کرد کە شەپۆلەکانیشی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەهاتن. بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی وڵاتان لە ژێر چەپۆکی کۆلۆنیالیزم لە سەرتاسەری جیهان لە گەشەدا بوو کە لە زۆرێک لەوانە چەپەکان لە ڕیزی پێشەوەیدا بوون بۆ وێنە خەباتی خەڵکی ئەفریقای باشوور، ویتنام، کۆنگۆ، کووباو بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین تا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا دەگەیشتە کوردستان و ئەو بزووتنەوانەی لە هەرکام لە بەشەکان ئەڵبەتە بە ئاجیندای جیاواز هاتە ئاراوە. لە لایەکی دیکەوە لە کوردستان بزووتنەوەی چەکداریی ٤٧\٤٦ی هەتاویی کە ئەڵبەتە بە خێراییش سەرکوتکرا ورەو ئیدەیەکی تازەی دابووە نەسڵی نوێی خەباتکار. لە کوردستانی باشووریش دەسپێکی یەکەم خەباتی چەکدارانە لە ١٣٤٠ کە بە شۆڕشی ئەیلوول دەناسراو ڕەوتێکی سوننەتی ڕێبەریی دەکرد لە خۆیدا ئەزموونێک بوو بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن. بەڵام لەم نێوەدا ڕێکخراوەی کۆمەڵە ئەگەرچی خاوەنی نووسراوەیەکی تیۆری نەبوو کە بیکاتە بنەمای خەباتەکەی بەڵام ئەوە لە خۆیدا کەم و کورتیەک نەبوو کە بتوانێ بیری سۆسیالیستی لە کومەڵگای کوردستان جەماوەریی بکاتەوە، بەڵکوو ئەم ڕێکخراوە نوێیە بە پراکتیکی ڕۆژانەی خۆی زۆرترین کاریگەریی لەسەر کۆمەڵایەتی کردنەوەی بیری چەپ و سۆسیالیستی لە کوردستان دانا. زۆربەی تێکۆشەرانی کۆمەڵە سەرەڕای ئەوەی زۆر کەم دەستیان بە نووسراوەو کتێبەکان دەگەیشت بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا ئەو ڕێبازەیان بردە نێو قووڵایی جەماوەری خەڵکی کوردستان، هەر بۆیە تا دەهات گوتاری چەپ لە کۆمەڵگای کوردستان بەهێزتر دەبوو، واتە بە کردەوە دەرهێنانی ئەو دەستەواژانەی کە لە چوارچێوەی نووسراوەو کتێبەکان دەیانتوانی بۆ هەمیشە قەتیس بمێننەوە، ئەمجارەیان لە کوردستان بە قووڵی ڕۆچووە نێو هەموو کەل و قوژبنی کۆمەڵگاوە. وەک چۆن پراکتیک لە بیرو ئەندێشەی مارکسدا لە هەموو بەرهەم و نووسراوەکانیدا بەرچاو دەکەوێ و یەکێک لە گرینگترین کۆڵەکەکانی ڕوانینی ئەوە بۆ هەر گۆڕانکاریەک کە دەتوانێ لە ئاستی کۆمەڵگا ڕووبدات، بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی کە کۆمەڵە نوێنەرایەتی دەکرد بە شێوەیەکی وشیارانەو ڕێکخراو ئەم ئەندێشەی بە ڕادەیەکی بەرچاو و کاریگەر، کۆمەڵایەتی کردەوە.

درێژەی هەیە..

# سنە؛ ترپەی دڵی شۆڕش و حەماسەی ٢٤ ڕۆژە

**ئاڵای سوور - سنە**



ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، ئەو مانگە پڕ شکۆیە لە خەباتی زۆرلێکراوانی ئێران کە تێیدا لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی پڕ لە شانازیی ئەوان هەڵدرایەوە. کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان بە دژی ڕژێمی گەندەڵی پاشایەتی و بنەماڵەی دیکتاتۆری پەهلەوی بەرز کردەوە و بە هیوای دابینکردنی داهاتوویەکی گەش و ئازاد، شۆڕشێکی بەربڵاویان ڕێک خست و کۆتاییان بە دەسەڵاتی ڕژێمی شا هێنا. لە مانگی ڕێبەنداندا خەڵکی ناڕازی بە هیوای گەیشتن بە ئازادی و بەهرەمەندبوون لە ژیانێکی باشتر و ئینسانی ڕاپەڕین و شەپۆلەکانی شۆڕش لە ماوەی یەکساڵدا سەرتاسەری ئێرانی داگرت و بەم جۆرە ماشێنی دەوڵەتیی ڕژێمی پەهلەوی لە ئاکامی ئەو ڕاپەڕینەدا کەوتە بەر هێرشی بێبەزەییانەی جەماوەری ڕاپەڕیو و تێکشکا و هەر ئەوەش کۆتایی بە تەمەنی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران هێنا.

لە وەها ڕۆژانێکدا و بەر لەوەی بە تەواوەتی کۆتایی بە دەسەڵاتی نەحسی ڕژێمەکەی محەمەد ڕەزا شا بێت و ڕێک لە ١٢ی مانگی ڕێبەندان، ڕێبەری ڕەوتی ئیسلامیی لە شۆڕشی ١٣٥٧، لە تاراوگەوە بۆ وڵاتی ئێران دەگەڕێتەوە. هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی خومەینی، زلهێزانی ئەو کات و بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تەواوەتی بەسەر ئێراندا زاڵ ببوون و ئامانجیشیان ئەوە بوو کە لە ڕێگای ئەرتەشەوە ڕێگەخۆشکەری بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلامییەکان بکرێت و بەم شێوەیە و بە کەڵکوەرگرتن لە ئەرتەش و بە نفووزێک کە لە نێو ڕیزەکانی ئەرتەشدا هەیانبوو، دەیانویست شەپۆلەکانی شۆڕش لە هەموو گۆشە و کەناری ئێران کۆنترۆڵ بکەن.

هەڵبەت ئەوە تەنیا بەشێک لەو ستراتیژییە بوو کە ئەوان ڕەچاویان کردبوو؛ بەشەکەی دیکەی کە بۆ ئەوان زۆر گرنگ بوو، جێخستن و داسەپاندنی خومەینی وەک ئەڵتەرناتیڤی ڕژێمی پاشایەتی بەسەر بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێراندا. ئامانجەکەی خومەینی تا ڕادەیەکی زۆر وەدی هاتبوو، کەوابوو دەبوایە مەشخەڵەکانی شۆڕش خامۆش بکات. بەڵام وەدیهاتنی ئەم ئامانجەش ئامرازی تایبەت بە خۆی پێویست بوو. خومەینی ستراتیژیی خۆی بۆ خامۆشکردنی مەشخەڵەکانی شۆڕش، هەنگاو بە هەنگاو بەکردەوە دەرهێنا. بەڵام لە کوردستان لەگەڵ نافەرمانیی مەدەنی و خۆڕاگریی بێوێنەی خەڵک ڕووبەڕوو بووەوە. خەڵکی کوردستان بە ژن و پیاو و لاو و تازەلاوەوە هەر لە هەمان سەرەتاوە بوون بە چەقڵی چاوی خومەینی و داروودەستەکەی.

هەربۆیە لە یەکەمین ڕۆژەکانی بەدەسەڵات گەیشتنی خومەینی، ئەو بەرخۆدانە شۆڕشگێڕانەی کە لە دژی ڕژێمی پێشوو دەستی پێکردبوو، لە وەستان نەکەوت و بە شێوەیەکی شێلگیرانەتر بە پانتایی هەموو کوردستان دەستی پێکردەوە. ئەو خەباتە لە کۆڵان و شەقامی شار بە بەشداریی ژنان و پیاوان و لاوانی شۆڕشگێڕ وەجووڵە کەوتەوە و تا گرتن و دەستبەسەرداگرتنی پادگان و ناوەندەکانی سەربە دەوڵەتی تازەبەدەسەڵات گەیشتوو درێژەی کێشا.

**ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، ئەو مانگە پڕ شکۆیە لە خەباتی زۆرلێکراوانی ئێران کە تێیدا لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی پڕ لە شانازیی ئەوان هەڵدرایەوە. کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان بە دژی ڕژێمی گەندەڵی پاشایەتی و بنەماڵەی دیکتاتۆری پەهلەوی بەرز کردەوە و بە هیوای دابینکردنی داهاتوویەکی گەش و ئازاد، شۆڕشێکی بەربڵاویان ڕێك خست و کۆتاییان بە دەسەڵاتی ڕژێمی شا هێنا. لە مانگی ڕێبەنداندا خەڵکی ناڕازی بە هیوای گەیشتن بە ئازادی و بەهرەمەندبوون لە ژیانێکی باشتر و ئینسانی ڕاپەڕین و شەپۆلەکانی شۆڕش لە ماوەی یەك ساڵدا سەرتاسەری ئێرانی داگرت و بەم جۆرە ماشێنی دەوڵەتیی ڕژێمی پەهلەوی لە ئاکامی ئەو ڕاپەڕینەدا کەوتە بەر هێرشی بێبەزەییانەی جەماوەری ڕاپەڕیو و تێکشکا و هەر ئەوەش کۆتایی بە تەمەنی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران هێنا.**

بەم شێوەیە دەستپێکی نوێی بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە کۆمەڵگای کوردستان، خوێنێکی تازەی کردە جەستەی کۆمەڵگای کوردستان و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند و گەشەی دەکرد. گەشەی ئەو بزووتنەوەیە و ملنەدان و نەکەوتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەمەڕ بڕیارەکانی دەسەڵاتی تازە و بەچۆکدانەهاتنی، زیاتر و زیاتر خومەینی و هاوبیرانی تووڕە دەکرد. بۆیە ئەوان دەبوایە بیرێک لەم بارودۆخە نوێیە بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە یەکەم کۆبوونەوەکان و دانیشتنەکانی خۆیان لە تاران لە دژی خەڵکی وەگیانهاتووی کوردستان دەستپێکرد. تیغی قینی جەلادە بەدەسەڵات گەیشتووەکان بە ئامانجی پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و وەحشەت لە سەرجەم کوردستان و پتەوکردنی بناغەکانی ڕژێمێک کە خەریکی بنیاتنانی بوون، کەوتە کار.

تەنیا ٤٠ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕش، سوپای پاسداران و هێزەکانی ڕژێم ویستیان دەست بەسەر شاری سنەدا بگرن و خەڵکی شار ناچار بە ملکەچبوون بکەن. ئەوان بە زۆریی چەک دەیانویست خەڵکی شار وادار بە پاشەکشە بکەن. بەڵام خەڵکی شاری سنە لە بڕیارێکی ژیرانەدا دژی ئەم هەڵوێستەی بەکرێگیراوانی ڕژێم وەستانەوە و بۆ پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی شۆڕش بەرخۆدانێکی بێوێنەیان لە کۆڵان و شەقامی شار وەڕێخست. ئەم هەڵوێستەی خەڵکی شار بە تەقەی ڕاستەوخۆی بەرپرسانی ڕژێم وەڵام درایەوە و بەم جۆرە زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە خەباتگێڕانی شاری سنە گیانی ئازیزیان بەخت کرد و زیاتر لە ٤٠٠ کەسیش بریندار بوون.

[٢٠٢٦/٠٣/١٩ ٢٣:٣٣] تراپیست قشنگم
□: لە ڕووداوێکی هاوشێوەی تردا کە بە شەڕی ٢٤ ڕۆژەی سنە بەناوبانگە، پێشمەرگە و خەڵک بۆ ماوەی ٢٤ ڕۆژ لە بەرامبەر هێرشی سوپای پاسداران بۆ سەر شارەکە خۆڕاگرییان کرد و ڕێگەیان نەدا سوپا شارەکە کۆنترۆڵ بکات، لەو شەڕەدا نزیکەی ٢٠٠٠ هاووڵاتیی مەدەنی گیانیان لەدەست دا. شاری سنە لەو ماوەیەدا گەمارۆ درابوو، خەڵک کوژراوەکانیان لە حەوشەی ماڵەکانیاندا بە خاک دەسپارد. بەم جۆرە شاری سنە دوو نەورۆزی خوێناوی نایە پشت سەر کە تێیدا دەیان و سەدان فیداکاری تێدا کرا و بە سەدان ڕۆڵەی قارەمان گیانیان لە پێناو ئازادیدا بەخت کرد و مێژوویەکی ڕەنگین و پڕ لە شانازییان خوڵقاند کە تا بە ئەمڕۆش وێردی سەر زارانە.

سنە لە ڕیزی ئەو شارانەدا بوو کە بە قورسی کەوتە بەر هێرش. لای کۆماری ئیسلامی و شۆڕشگێڕانی هەموو ئێران، سنە وەک ترپەی دڵی شۆڕشی کوردستان دەناسرا. شۆڕشگێڕانی ئەم شارە پێکهاتوو لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بڕیاری خۆڕاگرییان دابوو، لە سەنگەردا بوون و باکیان لە کەس نەبوو. سوپا و حکومەتی ناوەندی پێشبینی ئەو خۆڕاگرییەیان نەکردبوو و پێیان وابوو بە ئاسانی دەتوانن شارەکە کۆنترۆڵ بکەن. ڕێکەوتی ١٨ی گوڵان هێزێکی زۆری سوپا لە ڕێگەی کرماشانەوە بەرەو سنە جووڵەی پێکرا، بەڵام ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕی سنە و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەتی کۆمەڵە، بەر لەوەی ئەم هێزە نزیکی شار ببێتەوە ڕێگەی هاتنە ناو شاریان لێ گرت و بەم جۆرە لە دەوروبەری شار هێزی پێشمەرگە ڕووبەڕووی سوپا بوونەوە و ناچاریان کردن بەرەو فڕۆکەخانەی سنە پاشەکشێ بکەن، بەڵام سوپا پێداگر بوو لەسەر ئەوەی بە هەر نرخێک بێت شار کۆنترۆڵ بکات. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شەڕەکە قورستر دەبوو، بەهۆی بۆردومانەکانەوە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی دەکوژران یان بریندار دەبوون؛ خەڵک لەبەر بۆردومانەکانی سوپا کوژراوەکانیان نەدەبردە گۆڕستانی شار و هەر لە حەوشەی ماڵەکانیاندا بە خاکیان دەسپاردن. چەندین مانگ هەموو شارەکانی کوردستان لە ژێر گەمارۆی ئابووریدا بوون، کەچی بەو حاڵەشەوە خەڵکی شار و گوندەکانی دەوروبەر یارمەتییەکانی خۆیان دەیانگەیاندە شاری سنە. پزیشک و پەرستارە کوردەکانی نەخۆشخانەی سنە، سەرباری کەمیی دەرمان و زۆربوونی ژمارەی بریندارەکان، بەردەوام خەریکی تیمارکردنی بریندارەکان بوون.

...بۆ ل ٧

درێژه‌ی لاپه‌ڕه‌ی ٧

هاوڕێیانی کۆمه‌ڵه‌، به‌ تایبه‌تی کاک سدیقی که‌مانگه‌ر، ده‌ستیان کرد به‌ دامه‌زراندنی هه‌ندێک کۆمیته‌ بۆ یارمه‌تیی «ئه‌نجومه‌نی شۆڕشی شاری سنه‌». له‌ملاوه‌ش چه‌کدارانی ناو بنکه‌ سه‌ربازییه‌که‌ی سوپا له‌ سنه‌، سه‌نگه‌ره‌کانی ده‌وروبه‌ری بنکه‌که‌ و گه‌ڕه‌که‌ نزیکه‌کانی وه‌ک گردی گه‌ڕۆڵ و کوێرئاوا و حاجی‌ئاوا به‌ چه‌کی قورس بۆردومان ده‌کرد و ده‌ستیان له‌ هیچ جه‌نایه‌تێک نه‌ده‌پاراست. کاتژمێر ٣ی نیوه‌شه‌و کاک سدیق که‌مانگه‌ر له‌ لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی کاتیی شۆڕشه‌وه‌ ئاگادارییه‌ک له‌ ڕادیۆوه‌ ده‌خوێنێته‌وه‌ و بانگه‌وازی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی شار ده‌کات ڕێگه‌ سه‌ره‌کییه‌کانی شار دابخه‌ن و له‌ شه‌قام و گه‌ڕه‌که‌کاندا سه‌نگه‌ر دروست بکه‌ن و هێزه‌کانی ده‌ره‌وه‌ی شاریش به‌ هه‌موو شێوه‌یه‌ک یارمه‌تیی ئه‌نجومه‌نی کاتیی شۆڕش بده‌ن.

بوو که‌ کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسداران به‌سه‌ر شاری سنه‌دا سه‌پاندیان. ئه‌وان ئازادیی خه‌ڵکیان نه‌ده‌ویست و دژی هه‌موو شایی و خۆشییه‌کی خه‌ڵک بوون. هه‌ر بۆیه‌ به‌ ته‌واوی هێزه‌وه‌ و به‌ که‌ڵکوه‌رگرتن له‌و ئیمکاناته‌ی که‌ له‌ ڕژێمی پێشووه‌وه‌ به‌ میرات بۆیان مابووه‌وه‌، ده‌یانویست به‌ر به‌ ئازادیی خه‌ڵک بگرن و خوێنی ڕۆڵه‌کانی کوردستان بڕێژن.

دوای ٢٤ ڕۆژ خۆڕاگری، له‌ کاتێکدا سوپای پاسداران نه‌یتوانبوو بێته‌ ناو شاره‌وه‌، به‌ڵام هێزه‌کانی پێشمه‌رگه‌ بۆ پاراستنی گیانی خه‌ڵک و بۆ ئه‌وه‌ی له‌وه‌ زیاتر خه‌ڵکی مه‌ده‌نی نه‌کوژرێن، ناچار بوون بڕیار بده‌ن له‌ شار بچنه‌ ده‌ره‌وه‌. دوای چوونه‌ ده‌ره‌وه‌ی پێشمه‌رگه‌، سوپا چووه‌ ناو شاره‌وه‌ و ده‌ستیان کرد به‌ پشکنینی هه‌موو ماڵه‌کان و ژماره‌یه‌کی زۆریان ده‌ستگیر کرد و به‌په‌له‌ له‌ دادگای سه‌ربازیدا سزای له‌سێداره‌دانیان به‌سه‌ردا سه‌پاندن و هه‌ر خۆشیان سزاکه‌یان جێبه‌جێ ده‌کرد.





ماموستا شێخ عێزه‌دین حسێنی له‌گه‌ڵ جه‌ماوه‌رێکی به‌رین، پێکهاتوو له‌ خه‌ڵکی شۆڕشگێڕی شاره‌کانی سه‌قز و بۆکان و مه‌هاباد، ده‌گه‌نه‌ ناو شاری سنه‌ و پێشوازییه‌کی گه‌رمیان لێکرا. به‌م جۆره‌ له‌ هه‌موو شوێنێکی کوردستانه‌وه‌ هێزی یارمه‌تیده‌ر ده‌گه‌یشتنه‌ شاری سنه‌، سوپاش بێوه‌ستان به‌ کۆپته‌ر شاره‌که‌ی بۆردومان ده‌کرد و خه‌ڵکیان ده‌کوشت.

شه‌ڕی ٢٤ ڕۆژه‌ی سنه‌، شه‌ڕێک نه‌ورۆزی خوێناوی و شه‌ڕی ٢٤ ڕۆژه‌ی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی شاری سنه‌ی قاره‌مان، به‌ڵگه‌یه‌کی حاشاهه‌ڵنه‌گره‌ له‌ مێژوو که‌ نیشانی ده‌دات کۆمه‌ڵگای کوردستان به‌ خۆڕاگری و خه‌باتی شۆڕشگێڕانه‌ و ئازادیخوازانه‌ی خۆی، هه‌ر ڕه‌نگ و شێوازێک له‌ کولتوور و دابونه‌ریتی کۆنه‌په‌رستانه‌ و دواکه‌وتووانه‌، له‌ کولتوور و سوننه‌تی دواکه‌وتووانه‌ی ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی به‌رچاو ته‌نگه‌وه‌ بگره‌ تا باوه‌ڕ و سوننه‌تی پرتووکاو و دواکه‌وتوویی ئایینی و سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاستی خستووه‌ته‌ په‌راوێزه‌وه‌؛ ئه‌م دیاردانه‌ له‌گه‌ڵ دۆخی سیاسی و ئازادیخوازانه‌ی [٢٠٢٦/٠٣/١٩ ٢٣:٣٣] تراپیست قشنگم □: کوردستان به‌ ته‌واوی نامۆن و ناتوانن له‌ کوردستانی شۆڕشگێڕدا جێگه‌یه‌کیان هه‌بێت. جه‌ماوه‌ری خه‌باتکار و ئازادیخوازی کوردستان و جه‌ماوه‌ری کرێکار و زه‌حمه‌تکێش و ژنانی پێشڕه‌و و وشیار، ڕێگه‌ ناده‌ن له‌ دواڕۆژی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیدا جۆرێکی دیکه‌ له‌ دیکتاتۆری و کۆنه‌په‌رستیی مه‌زهه‌بی له‌ چه‌شنی داعش و تاڵیبان به‌ زه‌به‌ری شمشێر و توندوتیژی به‌سه‌ر خه‌ڵکدا بسه‌پێت.

**نه‌ورۆزی خوێناوی و شه‌ڕی ٢٤ ڕۆژه‌ی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی شاری سنه‌ی قاره‌مان، به‌ڵگه‌یه‌کی حاشاهه‌ڵنه‌گره‌ له‌ مێژوو که‌ نیشانی ده‌دات کۆمه‌ڵگای کوردستان به‌ خۆڕاگری و خه‌باتی شۆڕشگێڕانه‌ و ئازادیخوازانه‌ی خۆی، هه‌ر ڕه‌نگ و شێوازێك له‌ کولتوور و دابونه‌ریتی کۆنه‌په‌رستانه‌ و دواکه‌وتووانه‌، له‌ کولتوور و سوننه‌تی دواکه‌وتووانه‌ی ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی به‌رچاو ته‌نگه‌وه‌ بگره‌ تا باوه‌ڕ و سوننه‌تی پرتووکاو و دواکه‌وتوویی ئایینی و سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاستی خستووه‌ته‌ په‌راوێزه‌وه‌؛**

خۆڕاگریی خه‌ڵکی شاری سنه‌ له‌ نه‌ورۆزی خوێناویدا و له‌ به‌رخۆدانی ٢٤ ڕۆژه‌دا، بزووتنه‌وه‌ی شۆڕشگێڕانه‌ی کوردستانی برده‌ قۆناغێکی دیکه‌ له‌ خه‌بات و خۆڕاگری. له‌و ڕۆژانه‌دا خه‌ڵک به‌ تایبه‌ت لاوان، نوێترین شێوه‌کانی ڕێکخستنی کۆمه‌ڵگایان به‌کار هێنا و له‌ زۆر شوێنی کوردستان به‌ شێوه‌یه‌کی ساڵم و دیموکراتیک کۆمه‌ڵگایان ئیداره‌ ده‌کرد. ئه‌منییه‌تی گه‌ڕه‌که‌کان به‌ یارمه‌تیی خه‌ڵک دابین ده‌کرا. بڵاوکردنه‌وه‌ی خۆراک و باقی پێداویستییه‌کانی دیکه‌یان ڕێک خست. خزمه‌تگوزاریی پزیشکی و ده‌رمان به‌ شێوه‌ی به‌رده‌وام به‌ هیممه‌تی شه‌هێن باوه‌فاکان و دکتۆره‌ شۆڕشگێڕه‌کان له‌به‌رده‌ستی خه‌ڵکدا بوون. مامۆستاکان و دایکان و باوکان و شۆڕشگێڕانی کۆمه‌ڵه‌، کێشه‌ و گرفتی خه‌ڵکییان چاره‌سه‌ر ده‌کرد و ئه‌خلاق و هه‌ڵسووکه‌وتی ئینسانی له‌ هه‌موو بوارێکدا شه‌پۆلی ده‌دا.

خه‌ڵکی کوردستان و شاری سنه‌ی قاره‌مان به‌ خه‌باتیان نیشانیان دا که‌ ئه‌م ڕژێمه‌یان ناوێت و له‌ هه‌وڵی خوڵقاندنی زه‌مینه‌کانی شۆڕشێکدان که‌ کۆتایی به‌ عومری پڕ له‌ جه‌نایه‌تی ده‌سه‌ڵاتدارانی چاوچنۆک بهێنێت.

پێویسته‌ یاد بکه‌ین له‌ هه‌موو شۆڕشگێڕان و قاره‌مانانی ڕاسته‌قینه‌ی به‌رخۆدانی ئه‌م شۆڕشه‌ و ڕێز بگرین له‌ گیانبه‌ختکردووانی شاری سنه‌ی هه‌مووکات سه‌ربه‌رز...

# نەورۆز لە مەڵبەندی شیعردا: بڵێسەیەک لە ناو دڵی بێدەنگیی ڕۆژهەڵاتدا



بێگەرد سووزەنی



نەورۆز لە ناو بازنەی ئەدەبی و فەرهەنگیی کوردیدا ناکرێ وەک ڕووداوێکی سادەی سروشتی یان گۆڕانێکی وەرزی چاوی لێبکرێ، ئەم ڕۆژە وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی و سیاسی لە ناو ڕۆحی تاکی کورددا ڕەگی داکوتاوە کە تێیدا شوناسی گەل لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی ژیاندا یەک دەگرێتەوە. ئەم جەژنە لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێمەدا وەک بۆنەیەکی ئایینی یان فۆلکلۆری نەمایەوە، ئەمە خاڵی وەرچەرخانێک بوو کە شاعیران تێیدا هیوا و ئازار و خەونی ئازادییان تێدا چاند. کاتێک ئاوڕ لە مێژووی شیعری کوردی دەدەینەوە، دەبینین ئەحمەدی خانی وەک یەکەمین بناغەدارێژەری ئەم بیرکردنەوەیە لە «مەم و زین»دا وێنای کۆبوونەوەیەکی گشتی دەکات و دەڵێت:

«بیلجوملە دەچوونە دەر ژ مالان
حەتتا دەگەهیشتە پیر و کالان
ڕۆژا کو دەبوویە عیدێ نەورۆز
تەعزیم ژ بۆمە دەما دل ئەفرۆز».

لێرەوە تێدەگەین کە نەورۆز لای خانی کات بەسەربردن نییە، ئەمە ڕۆژێکە بۆ نیشاندانی قەوارە و بوونی نەتەوەیەک کە لە دەوری ئاگر و جوانی کۆدەبێتەوە. هەر ئەم ڕەوتی جوانیناسییە لای نالی و مەولەوی و وەفایی دەبێتە کەرەستەیەک بۆ ئاوێتەکردنی عەشق و سروشت، بە جۆرێک نالی دەڵێت:

«تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ». ئەم نوێبوونەوەیە لای نالی تەنیا ڕواڵەت نییە، ئەمە ڕەنگدانەوەی گۆڕانی دەروونییە. لای مەولەویش نەورۆز دەبێتە نیشانەیەک بۆ وەفا و دەڵێت:

«نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن».

ئەم دەقە کلاسیکانە دەیسەلمێنن کە کورد لە هەموو سەردەمەکاندا ویستوویەتی لە ڕێگەی جوانکارییەوە بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات. گۆڕانی بنەڕەتی لەم تێڕوانینەدا لەگەڵ پیرەمێرد و گۆران و قانع دەست پێ دەکات، کاتێک ئاگر لە هێمایەکی ڕۆشنکەرەوەوە دەبێتە هێمایەکی سووتێنەری ستەم و ڕاپەڕینی کاوەی ئاسنگەر. پیرەمێرد بەو سرووده بەناوبانگەی کە دەڵێت:

«ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە»، توانی نەورۆز لە ناو شار و کۆڵانەکاندا بکاتە ناسنامەیەکی زیندوو کە هیچ داگیرکەرێک نەتوانێت بێدەنگی بکات. قانعیش بە هەمان جۆش و خرۆشەوە دەڵێت:

«هەوای شنەی بای نەسیم دیارە،
مەعلوومە وادەی گوڵ و گوڵزارە»، کە ئاماژەیە بۆ تێپەڕبوونی زستانی توندوتیژی و گەیشتن بە بەهاری ڕزگاری. ئەم ڕێچکەیە لە شیعری شاعیرانی وەک هەژار و هێدی و حەقیقی و پەشێودا دەگاتە لووتکە، بە جۆرێک کە چیا دەبێتە مەرجی سەرەکی بۆ پیرۆزکردنی نەورۆز. عەبدوڵڵا پەشێو بە ڕاشکاوی دەڵێت: «ئەمساڵ بێ چیا نەورۆز ناکەم، بێ بۆنی گیا نەورۆز ناکەم، نەورۆز ناکەم بێ بڵێسەی سووری ئاگر». ئەمە ئەو پەیامە قووڵەیە کە دەڵێت نەورۆز تەنیا هەڵپەڕکێ نییە، ئەمە هەڵوێستێکی نەتەوەییە. ئێستا کە سەیری دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، دەبینین ئەمساڵ بە جۆرێکی تر ئەم تێڕوانینە لە شێعرەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو ژیانی ڕاستەقینە. ئەگەرچی هەوڵ درا بە بڕینی ئینتەرنێت و کپکردنی دەنگی مۆسیقا و قەدەغەکردنی ڕەنگەکان، نەورۆزی ڕۆژهەڵات بێڕەنگ نیشان بدرێت، ئەم بێدەنگییە خۆی گەورەترین هاوار و نوێترین شێعری بەرگری بوو. ڕۆژهەڵات ئەمساڵ بە بێدەنگییەکەی سەلماندی کە نەورۆز لە دڵدایە نەک لە شەقام. وەک زاری دەڵێت:

«سەبا هەستە لە خەو نەورۆز واهات
بڵێ با لەشکری زستان بڕوات»، بێدەنگیی شەقامەکانی ڕۆژهەڵات هەمان ئەو «سەبا»یە بوو کە مژدەی کۆتایی لەشکری زستانی دەدا. ئەمساڵ ئەگەرچی ڕەنگەکان لە ڕوواڵەتدا کەمتر بوون، ئیرادەی هاوبەش و یەکدەنگیی خەڵک بووە بڵێسەیەک کە لە هەر ئاگرێکی سەر چیاکان بەرزتر دەدرەوشایەوە. مەشخەڵی ئازادی کە شاعیرانی کورد لە پیرەمێردەوە تا پەشێو چاندوویانە، لە ناو چاوی کچ و کوڕانی ڕۆژهەڵاتدا بە زیندوویی مایەوە. ئەم بێڕەنگییە ڕواڵەتییە پەردەیەک بوو بۆ شاردنەوەی ئەو ڕەنگە سوور و سەوز و زەردەی کە لە ناو ڕۆحی نەتەوەدا دەکوڵێت. نەورۆزی ئەمساڵ سەلماندی کە هیچ هێزێک ناتوانێت ڕێگری لە «پەیکی ئازادی» بکات کە مامۆستا حەقیقی باسی دەکات. وەک چۆن لە شێعردا نەورۆز هێمای سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکیدایە، ڕۆژهەڵاتیش بەم خۆڕاگرییە بێدەنگەی نیشانی دا کە زستان هەرچەندە درێژ بێت، ناتوانێت بەر بە هاتنی بەهار بگرێت. ئەمە ئەو وانە مەزنەیە کە ئەدەبیاتی ئێمە پێمان دەڵێت: نەورۆز جەژنی «هەبوون»ە و تا ئەو کاتەی ئیرادەیەک هەبێت بۆ ژیان، مەشخەڵی نەورۆز لە لووتکەی قەندیل و شاهۆ و نەکەرۆزەوە هەر بە گەشی دەمێنێتەوە. شاعیرانمان پێیان گوتووین کە نەورۆز بڵێسەیەکە لە مێژووەوە دێت و بەرەو داهاتوو دەڕوات، ئەگەر ئەمساڵ شەقامەکان بێدەنگ بوون، ئەو بێدەنگییە پانتاییەکی فراوان بوو بۆ بیستنی دەنگی لێدانی دڵەکان کە هەموو پێکەوە هاواری ئازادییان دەکرد.

هیچ تەم و مژێک ناتوانێت ڕێگری لە خۆری نەورۆز بگرێت، چونکە ئەم جەژنە لە ناو ڕۆحی شاعیران و خوێنی شەهیدان و ئیرادەی گەلدا پارێزراوە. پەیامی پیرۆزبایی «ڕەحیم لوقمانی» هێشتا بە گوێی جیهاندا دەچرپێنێت کە دەڵێت: «گەلی کورد نەورۆزتان پیرۆز»، ئەم پیرۆزباییە لە دڵی هەر کوردێکی نیشتمانپەروەردا وەک ئاگرێک دەگەشێتەوە کە هیچ زستانێک توانای کوژاندنەوەی نییە. نەورۆزی ڕۆژهەڵات ئەمساڵ جوانترین شێعری خۆی نووسی، شێعرێک کە پیتەکانی لە خۆڕاگری و دێڕەکانی لە بێدەنگییەکی پڕ لە واتا پێکهاتبوون، ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە کورد و نەورۆز دوو چەمکی دانەبڕاون و هەمیشە پێکەوە بەرەو ڕووناکی هەنگاو دەنێن.

لە کۆتاییدا هەندێ لەو شیعرانەی تاینەت بە نەورۆزن دێنموە:

**١-ئەحمەدی خانی**

بیلجوملە دەچوونە دەر ژ مالان
حەتتا دەگەهیشتە پیر و کالان
ڕۆژا کو دەبوویە عیدێ نەورۆز
تەعزیم ژ بۆمە دەما دل ئەفرۆز

**٢-نالی:**

تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ

**٣-مەولەوی:**

نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن

**٤-وەفایی:**

نەسیمی بایی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا
موریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا
نەوید ئەی عاشقانی دڵفگار یار هاتە سەر خەندە
سەڵا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا

**٥-حاجی قادری کۆیی:**

ڕۆژتە ئەی بایی نەورۆزی لەبن بەفری گران
کانی پێی سڕ بوو چناریش دەستی چوو پەنجەی تەزی
سونبولی زوڵف و گوڵی روخسار و سەروی قامەتی
مانگی نیسان و گوڵان نەیدی لە نێو باخی وزەوی

**٦-حەمدیی ساحێبقران:**

نەورۆزە، جەژنە بۆیە چراغانی عالەمە
یا ئاگرە لە عومری شێتا کوژایەوە
عەرعەر لە لەنجەدایە، لە ڕەقسایە سەروەکان
بەرگی چەمەن لە ڕەنگی زومڕەد کرایەوە

**٧-حەریق:**

ئەڵێن وا جەژنی نەورۆزە دڵم پڕ ئاتەش و سۆزە
وەرە بۆ جەژنە پیرۆزە بدەم ڕۆحم لەبەر ماوم
وەرە سەر چاوەیی چاوم، دەڵێی دەریای عەممانە
تەماشای ئەشکی گوڵنارم لە سایەی چاوی خوێناوم

**٨- پیرەمێرد:**

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە

**٩- قانع:**

هەوای شنەی بای نەسیم دیارە
مەعلوومە وادەی گوڵ و گوڵزارە

...بۆ ل ٩

درێژەی لاپەڕی ٨

**١٠-مامۆستا حەقیقی:**

مزگێنی بێ هات ساڵی نوێ
خۆشی دوای خۆشی جوێ بە جوێ
بڵێن بەخت چیدی نەنوێ
ئەستێرەی مەش سەری ناسوێ

**١١-گۆران:**

ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ
ڕۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان دڕ

**١٢-دڵدار:**

گوڵی سوور ئەی کچی نەورۆز ئەرێ کام
دەس لەباغی ژین
لەبۆ یەک دەفعە بۆن کردن بەناکامی
ئەتۆی هێنا

**١٣-هێدی:**

جێژنی کۆن و ساڵی تازەی کوردەواری
هاتەوە
هاتەوە ئاگری خەباتی ئەو گەلە خۆش
کاتەوە
هاتەوە جوانتر لە جاران جێژنی کاوەی
قارەمان
شوێنەواری میدیا باپیرە گەورەی
کوردەکان

**١٤-سەید کامیل ئیمامی (ئاوات):**

هەی هەی چ بەهارێکە وەک جەننەتی
مەئوایە
وەک بولبولی زار عاشق ئاو بردەیی
سەحرایە

**١٥-هەژار:**

مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری
وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری

**١٦-عەبدوڵڵا پەشێو:**

ئەمساڵ بێ چیا نەورۆز ناکەم . بێ بۆنی
گیا نەورۆز ناکەم .
نەورۆز ناکەم بێ بڵێسەی سووری ئاگر .
نەورۆز ناکەم گەر ڕەشبەڵەک تۆز نەکات
وبەخۆم نەبمە سەرچۆپیگر .

**١٧-شێخ نافیع مەزهەر (شپرزە):**

شەماڵ لە لوتکەی کێوی نەکەرۆز
هێنایە سەقز پەیامی نەورۆز
وتی ئەم جەژنەی کاوە و فەرەیدوون
لە کوردانی پاک پیرۆز بێ پیرۆز

**١٨-ڕەحیم لوقمانی:**

ڕۆژ لە ئاسۆی سوور شەوق ئەداتەوە
ئەڵێ ئەمساڵیش نەورۆز هاتەوە..
کەوی دڵداری ئازادی و جوانی
دەروونی کەیلی سۆزی گۆرانی
بەری حەسرەتی دڵ ئەکاتەوە
بانگی پەڕاوپەڕ دەنگ ئەداتەوە
لە سەر قەندیل و شاهۆ و نەکەرۆز
ئەڵێ: گەلی کورد نەورۆزتان پیرۆز

# نەورۆز



ئامانج عەزیزکەندی

بە منالی لە گوند ژیاوم، زۆربەی هەرەزۆری ئەو دەستەواژە و کولتور و باو و دابانە دەناسم، کە لە گوند و فەرهەنگی زۆربەی ئاواییەکانی کوردەواریدا باو بوون و بەڕێوە دەچوون و دەچن. هەر لە کایە و گاڵتەی منداڵانەوە تا کایە و نەریت و ڕەسمە باوەکانی گەورەکانیش. گوێێن، جگێن، هەدار هەدارێن، قەرێ قەرێ، هەیجۆ هەیجۆ، هەلوکێن، سینگی سەگێن، کۆدرێن، گوێ پروچکێن، مێشێن و خوزێن، و□ هەروەها زۆر کایەی تری گەورەکان وەک جۆرابێن، پشکیلێن، پوشکە بەفوو، تەرکی بن بەرە، میرمیرێن و □. لە زۆر گەڕەلاوژەدا بەشدار بووم و میرمیرێنشم کردووە و هتد□، هەروەها لە داوەتی مەڕی و لە داوەتی گڵی تەندوور هێنان هەڵپەڕیوم، بەران تێبەردان و مەڕ شوتن، ئاوردوو دەردان، مەڕبڕینەوە، هەرشتە کردن و خوری شی کردن و شوتنم دیتووە، هەرەوەزی درونێە و دەسکەنە و جۆمال چووم، زۆر ڕەسم و باوی ترم دیوە و کردوومن. بەڵام هیچیان وەک نەریت و ڕەسم و باوەکانی پەیوەندیدار بە نەورۆزەوە خۆش نەبوون، ئەو هەستەی کە لە بەرە و نەورۆزاندا بوومە وەک هیچیان ناچێ.

لە لای مە لە موکریان، هێلکە لە نەورۆزدا دەوری سەرەکی هەیە، نازانم بۆ هێلکە؟

ئایا هێلکە لە سەردەمە کۆنەکاندا گرینگ بووە؟

ئایا لەبەر ئەوەیە کە هێلکە، ڕازی هەڵفرینی لە خۆیدا حەشار داوە؟

هێلکە نەخشاندن، هێلکە سوور کردن بە توێکڵەپیاز یان توێکڵە گوێز چێژێکی تایبەتی هەبوو. هێلکەشکێنە خۆی فەرهەنگێکی جیاوازی هەیە. هێندێک دەستەواژەی هەیە کە تەنیا تایبەتە بەم کردەیە. جگە لە هێلکە شکێنە، یاری و کێبڕکێ بە هێلکە، بە چەندین شێوازی وەک:

لە لێژایی هێلکە بەردانەوە، هێلکە هەڵبژاردن لە لایەن مریشکێکەوە و □

لە ڕۆژی نەورۆزدا هەڵاوە مەلاوەمان دەکرد، کە گەورەترین دیاری هێلکە بوو.

هەڵاوە و مەلاوە

شتێکمان بۆ بخەنە بن تاوە

کچەکەتان شو بکا

کوڕەکەتان بێنێ بە زاوا

شەوی نەورۆز لاو و جوانەکانیش دەچوونە چلچرا. چلچراوانەکان لە سەر سەربانەوە دەچوون و دەم و چاویشیان دەشاردەوە. بە پشتێنی دایک و باوکیان، بە جامێک گەنم و کل و کلدان و ئاوێنە و شانە و عەترەوە، کە فانۆسێکیان لە ناو جامە گەنمەکە دادەنا و دەچوون بۆ چلچرا. ئەوەش فەلسەفە و فەرهەنگی خۆی هەبوو. هێندێک جار ڕاز و نیازی دڵداری و دیاری نەورۆزی بۆ دڵداران تێدابوو.

ئاورکردنەوەکانی چەندین ڕۆژ پێش نەورۆز، خۆ ئامادە کردن و قرتیلک کۆکردنەوە و پرزەی بەر ماڵات هەڵدانەوە و پووشکە هێنان و تەگەر بردنە سەر گرد و چیاکان، زۆر کەش و هەوایەکی شیرینی بە مرۆڤ دەبەخشی.

چوومە گێلاخە و کەنگر و شنگان. چەقەم لە ئەسپنگ گرتووە، کیفۆکم بە جەڵلە لە شان داوە.

خواردنەکانی نەورۆز، شادی و بوژانەوە و ڕوو لە دەشت و دەر کردن و زۆر لایەنی جوانیناسانەی تر، پێناسە جوانەکانی نەورۆزن. سێزدە بەدەریش ئەوپەڕی تام و چێژە و تەواوکەری نەورۆز و باوەکانی دەور و بەری نەورۆزە. بە تایبەتی لە ناوچەی گۆران ـ لەک و کەڵهوڕ. بەشێک لە خەڵک هەر سێزدە ڕۆژەکە لە دەرەوە چادر هەڵدەدەن و هەر جارە لە بەردەم هۆبەیەک دەنگی دەهۆڵ و زورنا بەرز دەبێتەوە. خەڵک لەوێ ئەو سێزدە ڕۆژە بە هەڵپەڕین و گۆرانی ڕایدەبوێرن.

ئەو جەژنە شاد و ئینسانی و سرووشتیە، ئەو جەژنە گەرم و پڕ سوور و سات و مانادارە، پێویستە وەک جەژنی گرینگی مرۆڤایەتی و بۆ ئێمەش – جێژنی نەتەوایەتی – بەرز ڕابگیرێ.

هیچ فتوا و هەرزمۆنێک، نابێ پێش بەم شادی و سوور و خۆشیانە بگرێ، یا بە هۆی بڕیاری سەیر و سەمەرەوە ئاراستەی سەیر و سەمەرە بکرێ.


چونکە لە نەریتی جوان و مرۆڤانەی گەلانی ئەو ناوچەیە تەنیا نەورۆز هەناوی بەهاری سروشتی جوانی خۆی ڕاگرتووە. هەروەها بۆ ئێمەی کوردستانیانیش مانایەکی مەزنتری سیمبولیکی بەرخۆدانی بەخۆوە گرتووە. بۆتە ڕەمزی یەکیەتی و هاوچەشنی کوردستانیان. گرینگە کە نەورۆز تا نوکە ئەم هەموو زوڵم و زۆر و قەدەغە کرنانە، نەیانتوانیوە بیگۆڕن و بە جوانی ماوەتەوە.

با پێکەوە نەورۆزی مەزن، پیرۆز بکەین و هەروا گەرم و گوڕ و پڕ سوور سات ڕایگرین.

شنەی شەماڵی بەیانی بەهار
لایدا سەرپۆشی سپی سەوزەزار
کانی بۆ ئەستێر ئەتریقێتەوە
بەستەی ژیانەوەی نوێ ئەڵێتەوە
تەم و مژ بۆتە فۆکلەی دوندی شاخ
زێوازێی ئاونگ بووە دەشت و باخ
قەڵبەزەی چەمی لێر و خڕ و دۆڵ
زستانی تواوەی پاری دا لە کۆڵ
مۆزەد لە چرۆی چڵۆکی داران
دەگەڕێنەوە پۆلی باڵداران
هۆزار ئەسترێ ئەویندارانە
ڕووی سروشت ئەشوا لێزمەی بارانە
هەوای هەواری بەهاری ڕەنگین
هەستی سەربەستی ئەدا تاووتین
بەرامەی خۆشی هەوای بەهاریی
ئەبزێوێ تەلی سازی دڵداریی
ئێوارەشایی کیژ و کوڕی لاو
ئەوین و جوانیی و حەزە تێکەڵاو
بەهای بەهارێ بژوێنی ژینە
بەستەی ڕوانەوە و گەرمیی ئەوینە
نەورۆزتان پیرۆز

# تیمی فریاکەوتنی تورکەمەن سەحرا و داکوتانی ڕەگێکی نوێ لە بزووتنەوەی کوردستان!

**دواڕۆژ**








ساڵانێکە هاتنی وەرزی بەهار و ساڵی نوێ، بۆ ئێمە و جەماوەری خەڵکی ڕەنجدیتوو و ستەملێکراو، بەتایبەتی خەڵکی شۆڕشگێڕی شاری سنە، وەبیرهێنەرەوەی کارەساتێکی گەورە و تراژیدیایەکی ئینسانی و خەم و ماتەمینێکی زۆرە. ئەم ڕۆژانەی بەهار و نەورۆزی ساڵی نوێ، ٤٧ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕ دەبێت. ڕۆژی ٩ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بوو؛ ئەو ڕۆژەی کە ٩ کەس لە خۆشەویستترین و ناسراوترین ڕوخسارەکانی شاری سنە، ٩ کەس لە چالاکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، ٩ تێکۆشەری دڵسۆز و بەئەمەگی کۆمەڵە و بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی کوردستان، لە ڕێگای گەیاندنی یارمەتی بە خەڵکی «تورکەمەن سەحرا» گیانی ئازیزیان بەخت کرد و بۆ هەمیشە کۆڕی هاوڕێیانەی ئێمەیان بەجێ هێشت.

٩ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی کە تێیدا ئەو کارەساتە دڵهەژێنە خولقا، بۆ خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی بۆ خەڵکی شۆڕشگێڕی شاری سنەی سوور و بۆ ئێمە وەک تێکۆشەرانی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە، وەبیرهێنەرەوەی یەکێک لە تاڵترین ڕۆژەکان و لە هەمان کاتیشدا وەبیرهێنەرەوەی هاوخەباتی، هاوپشتی، یەکێتی و بەهاناوەچوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانە بەدەم خەباتی ڕەوای سەرجەم زوڵمچێشتووانی هاوچارەنووس لە بەشەکانی تری ئێراندا.

دوایین ڕۆژەکانی زستانی ساڵی ١٣٥٧ و کاتی هاتنی وەرزی بەهار و ساڵی نوێی ١٣٥٨ی هەتاوی، ئەو کاتانەی کە خەڵکی وەگیانهاتووی ئێران و کوردستان، داموودەزگای ڕژێمی شایان تێکەوە پێچایەوە و کۆتاییان بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی ڕژێمی شا هێنا؛ لە کاتێکدا کە هێشتا دوو مانگ بەسەر هاتنەسەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا تێنەپەڕیبوو و ئاوات و خۆزگەکانی کۆمەڵانی خەڵک بە سەرەنجام نەگەیشتبوو، خەڵکی زۆرلێکراو و مافخوازی «تورکەمەن سەحرا» بە دامەزراندنی بنکە و شووراکانی خەڵک لە بەرانبەر دەسەڵاتدارێتیی ڕژێمی تازەبەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستابوون و دەستیان دابووە خەبات و تێکۆشانێکی هەمەلایەنە، پێکهاتوو لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بە دژی ئەو ڕژێمە.

لە لایەکی تریشەوە، کۆماری ئیسلامی لە هەوڵ و تەقالادا بوو تا بە هەستاندنەوەی دەستکەوتە شۆڕشگێڕەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، بەر بە هەموو شۆڕش، ئاخێز و جووڵەیەک بگرێت و هەر دەنگێک لە گەروودا کپ بکات و نەیارانی خۆی سەرکوت بکات. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەیهەویست کە دەست بەسەر ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکدا بگرێت، چ لە کوردستان و چ لە تورکەمەن سەحرا و چ لە هەر گۆشە و کەنارێکی ئێراندا بێت.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە داڕشتنی پیلانێکی جەنایەتکارانە، خوێناوی و قیزەون، خوێنی چوار کەس لە ڕێبەران و کەسە ناسراوەکانی خەباتی ڕەوای خەڵکی «تورکەمەن سەحرا»ی بە ناوەکانی (شیرمەحمەد درەخشەندە ناسراو بە تۆماج، عەبدولکەریم مەختووم، حسێن جرجانی و مەحمەد واحیدی) بە شێوەیەکی نامرۆڤانە ڕشت و لە ئاکامدا زۆر بێبەزەییانە هێرشی کردە سەر خەباتی ڕەوای خەڵکی ئەو ناوچەیە. خەڵکی وەگیانهاتووی تورکەمەن سەحرا شێلگیرانە و یەکگرتووانە لە بەرانبەر سەرەڕۆییەکانی ڕژێمی تازەبەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی وەستانەوە.

لە هەمان کاتیشدا، خەباتێکی ڕەوای جەماوەری، پێکهاتوو لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە کوردستان لە ئارادا بوو کە تەنگی بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەڵچنیبوو. ئەم خەباتە ڕەوایە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینتر، بەهێزتر، ڕادیکاڵتر و ڕێکخراوتر دەبوو. کۆمەڵە کە لە ڕیزی پێشەوەی ئەم خەباتەدا بوو، هەر لە سەرەتاوە بوو بە پشتیوانی گەلی تورکەمەن سەحرا، دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی بێبەشان و مافخوازانی ئەم بەشە لە جەماوەری خرۆشاو و بە تەواوی هێزەوە دەستی خەبات و یەکگرتوویی بۆ یارمەتیگەیاندن درێژ کرد. کۆمەڵە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی لەو خەباتە پشتیوانی بکات، هەر بۆیە لە یەکەمین دەرفەتدا بە سازماندانی تیمێکی پزیشکی کەوتە جووڵە و ٩ کەسی بە هەموو ئیمکاناتێکی دەرمانییەوە بەرەو تورکەمەن سەحرا ڕەوانە کرد.

ئەم تیمە پزیشکییەی کە بە دڵێکی پڕ لە هیواوە بۆ یارمەتیگەیاندنی گەلی تورکەمەن کەوتبوونە ڕێ، زۆر بەداخەوە نەگەیشتنە مەبەست و لە نیوەی ڕێگادا، لە کارەساتێکی نەخوازراو و لە ئاکامی ڕووداوی هاتووچۆدا، هەموو هاوڕێیانمان گیانی ئازیزیان لەدەست دا و بۆ هەمیشە دڵیان لە لێدان کەوت و کۆڕی گەرمی هەواڵانیان بەجێ هێشت.

پەیکەری بێگیانی ئەو ئازیزانە لە نێوان خەم و پەژارە و ماتەمی هاوڕێیانی کۆمەڵە و هەزاران کەس لە ئازادیخوازانی کوردستان و خەڵکی تێکۆشەری شاری سنە و دەوروبەری بە خاک سپێردران.

ئەوانەی لە نزیکەوە ئەم هاوڕێیانەیان دەناسی، بە باشی لەبیریانە کە ئەوان لە ڕیزی باشترین و خۆشەویستترین هاوڕێیانماندا بوون کە ئاوات و ئارەزوویان دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان بوو. لەدەستچوونی ئەم پۆلە مرۆڤە لەو سەردەمە تایبەتەدا و لە کاتی شکڵگرتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا، بۆ ئێمە و بۆ خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان خەسارێکی یەکجار گەورە بوو.

زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی شاری سنە و دەوروبەری، ئەم هاوڕێیانەیان دەناسی و لەگەڵیان ئاشنا بوون. ئەوان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا، چ وەک کرێکار، چ وەک مامۆستای قوتابخانە و چ وەک پزیشکیار، چالاک و بەدەم خەڵکەوە بوون. ئەم هاوڕێیانە دەرد و مەینەتەکانی خەڵکیان بە باشی دەناسی و لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی خەڵکی بەش مەینەت بوون. ئەوان بڕیاریان دابوو کە بە هانای خەڵکەوە بچن و خەم و دەردیان لەگەڵ بەش بکەن؛ ئاخر ئەوان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا وا بار هاتبوون کە دڵسۆزی خەڵک بن. ئەم تایبەتمەندییە بەرچاوانە وای کرد کە ئەوان لە ڕیزی کاروانی یارمەتیگەیاندنی خەڵکی کوردستاندا بن بۆ گەلی تورکەمەن سەحرا.

گرێدانی خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان بە بەشەکانی تری ئێران، یەکێک لەو ئەرکە شۆڕشگێڕانە بوو کە کۆمەڵە زۆر ژیرانە هەر لە سەرەتای شکڵگرتنی بزووتنەوەکەوە گرتییە بەر و بە کردەوەشی دەرهێنا. لە هەر کوێیەک یەکەمین ترپەکانی خەباتی جەماوەری لێدرابا، هاوڕێیانی کۆمەڵە لەوێ بوون. هەموو شارەکانی ئێران، ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، کوورەخانەکان و شوێنە هەژارنشینەکان، شوێنی خەبات و تێکۆشانی هاوڕێیانی کۆمەڵە بوون. ئەوان لەو شوێنانەدا ئەزموونی باشیان بەدەست هێنابوو، هەر بۆیە شوێن و مەکان بۆیان گرنگ نەبوو؛ گرنگ خەبات و یارمەتیدانی خەڵک بوو لە هەر کوێیەک بێت.

هاوڕێیانی گیانبەختکردوو بریتی بوون لە: فایزە قوتبی، گوڵڕێز قوبادی، فەریدە زەکەریایی، جەمیل زەکەریا، جەمیل سەجادی، ئیسماعیل عەلیپەنا، ڕەئووف کەمانگەر، ئەسعەد وەزیری و فەتحوڵڵا لوتفوڵڵانژادیان.

بەم جۆرە ئەم هاوڕێیانە خوێنیان تێکەڵ بە خوێنی هەزاران کەس لە خەڵکی تورکەمەن سەحرا و بەشەکانی تری خەبات لە ئێران بوو. ناوی هاوڕێیانی تیمی پزیشکیی کۆمەڵە هەتا بە ئەمڕۆش وەبیرهێنەرەوەی بوێری و خەباتکاری بووە و دەبێت. ڕێباز و ڕەوشت و هەڵسووکەوتی شۆڕشگێڕانەی ئەم هاوڕێیانە، لە مێژووی بزووتنەوەی کوردستان و خەباتی کرێکاران دژبە دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامی قەت لەبیر ناچێتەوە. لە ٤٦ـەمین ساڵیادی گیانبەختکردنی ئەم هاوڕێیانەدا، یاد و بیرەوەریی هەر هەموویان وێڕای دووپاتکردنەوەی پەیمانی پێبەندبوون بە ئامانجەکانیان و یادی هەموو گیانبەختکردووانی ڕێگای سۆسیالیزم بەرز ڕادەگرین. لەو ڕۆژەدا، سڵاو و دروود دەنێرین بۆ بنەماڵە و کەسوکاری ئەم هاوڕێیانە کە لە ماوەی ئەم ساڵانەدا بە خۆڕاگرییان لە بەرامبەر ژانی لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان، بوونەتە مایەی دڵگەرمی و ئومێدواریی زیاتری ئێمە بۆ درێژەدان بە ڕێگای ئازیزانیان.

یادی ئەو ئازیزانە بۆ هەتاهەتایە لە نێو دڵماندا دەمێنێتەوە.

درێژەی لاپەڕی ٣

# هەڵەبجە، مەرگەساتێکی لەبیرنەکراو



پاشان هاوڕێیانمان ناچار دەبن بچنە ناو شارۆچکەکە و لەوێش بە نهێنی لە چەند ماڵێکدا خۆیان بشارنەوە تا دەرفەتێکی باشتر بۆ دەربازبوون بدۆزنەوە...

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە دەمێننەوە و لە چەند ماڵێکدا خۆیان حەشار دەدەن، بەڵام ئەو مانەوەیان هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە تەواوی ناوچەکە بۆمبارانی کیمیایی دەکرێ و بەشێک لە گاز و ژەهرێک کە لەو ناوچەیە بڵاو ببووەوە، ڕوو لە ناو شارۆچکەی سیروانیش دەکات و هاوڕێیانی ئێمەش ژەهراوی دەبن، بەشێکیان بە توندی و بەشێکیان بە سووکی...

پاشان لە درێژەدا لە لایەن کۆمیتەی ناوچەی سنەوە بە بێسیم پەیوەندییان پێوە دەکرێ و ڕێنوێنی دەکرێن بۆ ئەوەی کە بڕۆن بەرەو شوێنێک لە دەریاچەی دەربەندیخان تا لەوێوە بە بەلەم بپەڕنەوە. ئەو هاوڕێیانە بەهۆی ئەوەی کە لە ناوچەکەدا شەڕ بوو، ناچار دەبن ڕاوەستن تا ئێوارە کە تۆزێک هەوا تاریک بێت، بەرەو دەریاچە وەڕێ بکەون. ڕێگای شارۆچکەی سیروان تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە بڕیار بوو لەوێ کاری پەڕینەوەکەیان ڕێک بخرێ، نزیکەی دوو کاتژمێر دەبوو، بەڵام ئەوان لەبەر ئەوەی کە یەکەم بەو گازە ژەهراویی ببوون، دووەمیش ڕێگاکە شارەزا نەبوون، ئەو ڕێگا دوو کاتژمێرییەیان بە (٧) کاتژمێر تێپەڕ کرد و لە ئاکامدا نەیتوانی خۆیان بگەیەننە لێواری دەریاچەکە و ئەو شوێنەی کە بڕیار بوو بەلەمەکانی پشتیوانی بڕۆنە شوێنی دیاریکراو...

لەو بەری دەریاچەکەوە گوردانێکی تری ناوچەی سنە و ژمارەیەک لە هاوڕێیانی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لە عێراق لەسەر لێواری ئاوەکە چووبوون بە هانیانەوە و هەوڵیان دابوو کە پێویستییەکانی دەربازبوونیان بۆ ئامادە بکەن. هاوڕێیانی بەرپرس بڕیار دەدەن کە بەلەمێک بنێرنە ئەوبەر و کەسی شارەزاشیان لەگەڵ بێت تا بتوانن ڕێنوێنییان بکەن و بیانگەیەننە لێواری دەریاچەکە و دەربازیان بکەن. تەنیا نزیکەی (٢٠) خولەک یان نیو سەعاتیان مەودا مابوو کە خۆیان بگەیننە سەر لێواری ئاوەکە، بەڵام بەهۆی تاریکبوونی کەشوهەوا، بۆیان نەدەدۆزرایەوە. (٥) پێشمەرگە لە بەلەمێکدا بەرەو ئەوبەری ئاوەکە ڕێکەوتبوون، بەڵام لەو مەودایەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی خۆیان گەیاندبووە لێواری دەریاچەکە و ئاگاداری نزیکبوونەوەی ئەو بەلەمە دەبنەوە.

پێش ئەوەی کە بەلەم بگاتە قەراغ ئاوەکە، تەقەی لێ دەکەن و (٤) هاوڕێی سەرنشینی بەلەمەکە گیان بەخت دەکەن و یەک کەسیان بە دیل دەگیرێ. کاتێک ڕوون دەبێتەوە کە کاری ئەو بەلەمە بە ئاکام نەگەیشتووە و ئیمکانی ئەوەی کە هاوڕێیان خۆیان بگەیەننە قەراغ ئاوەکە نییە، دیسان هەوڵ دەدەن جارێکی دیکە ڕێنوێنییان بکەن و لە ڕێگای بێسیمەوە ئامادەیان بکەن بۆ ئەوەی کە خۆیان بگەیەننە شوێنێکی تر لە قەراغ ئاو. (١٠) بەلەم لەمبەر ئاوەوە بۆ عەمەلیاتی پەڕینەوەیان ئامادە کرابوو. هێزی یارمەتیدەر ئامادە ببوو تا بە تەقەکردن ڕێگای پەڕینەوەی هاوڕێیان خۆش کات. لەو کاتەدا هاوڕێ شۆکێ خێرئابادی فەرماندەی گوردانی شوان بە بێسیم فەرماندەی هێزەکانی کۆمەڵە لەوبەری ئاو ئاگادار دەکاتەوە کە بەشێک لە هێزەکانمان لەگەڵ دوژمن دەگیر بوون. ئەو دەرگیرییە ماوەیەک بەردەوام دەبێ، دوای ماوەی نیو سەعاتێک، ڕەنگە کەمتر یان زۆرتر، پەیوەندی لەگەڵ فەرماندەی گوردان دەپچڕێ. بەمجۆرەیە کە ئیتر ئاخرین وتەکانی هاوڕێیانی فەرماندەی ئەمبەر و ئەوبەر بەیەکەوە هاتوچۆ دەکات و دوای ئەوە ئیتر هیچ پەیوەندییەک بە گوردانی شوانەوە نامێنێ...

ڕووداوەکان کەم کەم و بەپێی زەمان ڕوون بوونەوە. هاوڕێیانی گوردانی شوان کە ناتوانن بگەنە سەر لێواری دەریاچەکە و شەو دەبێت و بە تاریکی ڕێگا ون دەکەن، لە ناو زۆنگاوەکانی ئەو ناوچەیەدا خۆیان حەشار دەدەن. لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆریان ژەهراوی ببوون و توانای شەڕکردنیان زۆر کەم ببووەوە، هێزەکانی ڕژێمیش دەزانن کە بەلەمێکی کۆمەڵە پەڕیوەتەوە بۆ ئەوبەر و خەریکی بەرنامەیەکە، بەو چەشنە دەزانن کە دەبێ واحیدێکی پێشمەرگەی کۆمەڵە لەو ناوچەیەدا گیری خواردبێ، بۆیە هێزێکی یەکجار زۆری بۆ کۆ دەکەنەوە و شوێنەکە بە تەواوەتی گەمارۆ دەدەن...

هاوڕێیانی گوردانی شوان زۆر دلێرانە خۆڕاگری دەکەن و تا ئاخرین فیشەکەکانیان و تا دوایین هەناسەکانیان کۆڵ نادەن بە دوژمن، مەگەر ئەوانەی کە بریندار بوون و ئیتر هیچ توانای شەڕکردنیان نەمابوو. بەداخەوە (١٢) کەس لە هاوڕێیانی گوردانی شوان بە دیل دەگیرێن و بە برینداری دەبردرێنەوە شاری سنە و دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر، لە سێدارە دەدرێن. دواتر دوو هاوڕێش لە ناوچەکە دەرباز دەبن و ماوەیەک دواتر خۆیان دەگەیەننە ڕیزەکانی کۆمەڵە و بەداخەوە باقی هاوڕێیان لە مەیدانی شەڕەکەدا گیانی ئازیزیان بەخت دەکەن...

دواجار و لە مەودایەکی تردا کە ناوچەکە ئارام بووەوە، تەرمەکانیان ڕاگواستران بۆ شوێنێکی تایبەت بە گیانبەختکردووانی کۆمەڵە کە لە سلێمانی تەرتیب کرابوو...

هاوڕێیانی گوردانی شوان بە درێژایی شەڕی ئێران و عێراق زۆر هەوڵیان دا بۆ ئەوەی کە خۆیان لە ئاگری ئەو شەڕە بپارێزن. مەیدانەکانی شەڕ کێشرابووە کوردستان و کۆمەڵە هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی کە شەڕی خۆیان لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی سەربەخۆ لەو شەڕە بەڕێوە بەرن، بۆیە بەپێچەوانەی مەیلی هاوڕێیان، بەداخەوە ئەمجارە لەو شوێنە کەوتنە داوی شەڕی ئێران و عێراق. بۆیە بەم شێوە دڵتەزێنە هاوڕێیانی گۆردانی هەمیشە زیندووی شوان گیانی خۆیان لەپێناو ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی کرێکار و چەوساوە و زەحمەتکێش بەخت دەکەن.

بەڵام ئەمە کارەساتێک نەبوو هەر بە تەنیا بۆ کۆمەڵە، بەڵکوو کارەساتێک بوو کە بە هەزاران ئینسانی دیکەش گیانیان تێیدا لەدەست دابوو. بەمجۆرە خوێنی تێکۆشەرانی کۆمەڵەش تێکەڵ بە خوێنی زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە خەڵکی لێقەوماوی هەڵەبجە و دەشتی شارەزوور بوو. لەو کارەساتەدا، سەرجەم ٦٩ کەس لە ئازیزترین هاوسەنگەرانمان گیانیان بەخت کرد. ئەو هاوڕێیانە لە زومرەی لایەقترین ئەندامان و کادرەکانی پێشڕەوی کۆمەڵە بوون کە لە جەریانی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و یان ساڵەکانی پێشتر هاتبوونە ناو گۆڕەپانی خەباتەوە و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ ئامانجی ڕزگاریی کرێکاران و بێبەشان گیانی ئازیزیان بەخت کرد...

ناوی گوردانی شوان لە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و چالاکییەکانی کۆمەڵەدا هەتا بەمرۆ، وەبیرهێنەرەوەی بوێری و خەباتکاری بووە و دەبێت. ڕێباز و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی سەمیمانە و شۆڕشگێڕانە و گیانبازی و خەباتی لێبڕاوانەی ئەم گوردانە ڕەزمەندەیەی کۆمەڵە، لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا جێکەوتووە. لە ٣٤ـەمین ساڵیادی گیانبەختکردنی ئەم هاوڕێیانە، یاد و بیرەوەریی هەر هەموویان وێڕای دووبارەکردنەوەی پەیمانی پێبەندبوون بە ئامانجەکانیان و یادی هەموو گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم بەرز ڕادەگرین. لەو ڕۆژەدا، بۆ جارێکی دیکە سڵاو و درووود دەنێرین بۆ بنەماڵە و کەس و کاری ئەم هاوڕێیانە کە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بە تاقەت هێنانیان لە بەرامبەر ژانی لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان، بوونەتە مایەی دڵگەرمی و ئومێدواریی زیاتری ئێمە بۆ خەبات و درێژەپێدانی ڕێگای ئازیزانیان...

دیاریکردنی ڕۆژی شەهیدانی کۆمەڵە لە لایەن ڕێبەریی کۆمەڵەوە هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٢٧ی ڕەشەمێدا ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ڕێز لە یادی ئازیزی پۆلێک لە کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەگرن کە لەم ڕۆژەدا لە شەڕێکی نابەرانبەر گیانیان بەخت کرد...

لەو ڕۆژەدا گوردانی بەناوبانگی شوان، لە شەڕێکی نابەرانبەر و بەهۆی بەرکەوتنی گازی کیمیایی، لە قەراغی چەمی سیروان لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، شەهید کران. دواتر ئەو ڕۆژە بەهۆی زۆریی ژمارەی گیانبەختکردووان و بەهۆی دەور و نەقشێک کە گوردانی شوان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و کۆمەڵەدا هەیبوو، وەک ڕۆژی شەهیدانی کۆمەڵە ناودێر کرا...

ڕۆژی شەهیدانی کۆمەڵە بۆ ئێمە ڕۆژی ماتەمین و ڕەشپۆشی نییە، بەپێچەوانەوە، ڕۆژی پەیمان تازەکردنەوەیە لەگەڵ هەموو گیانبەختکردووانی کۆمەڵە، ڕۆژی ڕێزگرتنە لە خەبات و فیداکاریی ژنان و پیاوانێک کە لە دەورەیەکی مێژووییدا بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان ناوەڕۆکێکی نوێ و دادپەروەرانەیان هێنایە ناو بزووتنەوەی کوردستان. ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕەوشت و ڕەفتارە شۆڕشگێڕانەن کە مانایەکی پڕاوپڕ ئینسانی و پڕ لە خۆشەویستییان هێنایە ناو پەیوەندیی خەڵک و پێشمەرگە...

هاوڕێیانی گوردانی شوان بە درێژایی شەڕی ئێران و عێراق زۆر هەوڵیان دا بۆ ئەوەی کە خۆیان لە ئاگری ئەو شەڕە بپارێزن. مەیدانەکانی شەڕ کێشرابووە کوردستان و کۆمەڵە هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی کە شەڕی خۆیان لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی سەربەخۆ لەو شەڕە بەڕێوە بەرن، بۆیە بەپێچەوانەی مەیلی هاوڕێیان، بەداخەوە ئەمجارە لەو شوێنە کەوتنە داوی شەڕی ئێران و عێراق. بۆیە بەم شێوە دڵتەزێنە هاوڕێیانی گۆردانی هەمیشە زیندووی شوان گیانی خۆیان لەپێناو ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی کرێکار و چەوساوە و زەحمەتکێش بەخت دەکەن.
بەڵام ئەمە کارەساتێك نەبوو هەر بە تەنیا بۆ کۆمەڵە، بەڵکوو کارەساتێك بوو کە بە هەزاران ئینسانی دیکەش گیانیان تێیدا لەدەست دابوو. بەمجۆرە خوێنی تێکۆشەرانی کۆمەڵەش تێکەڵ بە خوێنی زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە خەڵکی لێقەوماوی هەڵەبجە و دەشتی شارەزوور بوو. لەو کارەساتەدا، سەرجەم ٦٩ کەس لە ئازیزترین هاوسەنگەرانمان گیانیان بەخت کرد.

DwaRoj

بۆ خوێندنەوەی دوارۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj.net

سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی

Dwaroj@komala.com

# ژن لە ئاوێنەی نیشتماندا: خوێندنەوەیەک بۆ حەماسەی فڕین و بەرگری



**ئەی ژنە پێشمەرگە،**
**ئەی پێشمەرگەی ژن...**
**دەسا نەرمەناوێنەکە!**
**گەردنی شووشەت شۆڕ کەرەوە و بڕوانە ئاوێنەی چەم،**
**وێنەی چوار کەلەبچەت دەخاتە بەردەم!**
**دەسا ئەی کۆترە باریکەکە!**
**باڵ بوەشێنە،**
**سنوور بپەڕێنە،**
**چاوی فرمێسکاوی هەڵێنە،**
**لەمپەڕ تا ئەو پەڕی کوردستان گۆمی خوێنە!**
**ئەی پەپوولە زێڕینەکە!**
**داگیرکەران لەسەر نەخشەی جوگرافیا**
**چوارمێخەیان کێشاوی،**
**دەسا هەوڵێ، هیمەتێ!**
**خۆت ڕاچڵەکێنە!**
**داوی دیلی بپسێنە!**
**خوار و ژوور،**
**گەرمێن و کوێستان،**
**لەم کوڵ بۆ ئەو کوڵ،**
**لەم چڵ بۆ ئەو چڵ،**
**بفڕە و بنیشەوە!**
**بۆنیان پێوەکە و**
**بینیان پێوەنێ،**
**هیچیان مەدوێرە،**
**هیچیان هەڵماوێرە؛**
**سەرتاپای ئەم کوردستانە ڕەنگینە،**
**یادگاری عەشقی شیرینە،**
**بست بە بستی ئەم خاکە خەمبارە،**
**گڵکۆی تازە یارە...**

**سەلاح موهتەدی**

لە فەرهەنگی سیاسی و ئەدەبیی کوردەواریدا، چەمکی «ژن» و «نیشتمان» دوو ڕەهەندی لێک دانەبڕاون کە لە ناو تێکستە شیعرییەکەی «سەلاح موهتەدی»دا دەبنە یەک جەستە و یەک تابلۆی زیندوو. لە کاتێکدا بەرەو هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان هەنگاو دەنێین، گەڕانەوە بۆ ئەم دێڕانە تەنیا خوێندنەوەی شیعر نییە، بەڵکوو لێکدانەوەی مێژوویەکی پڕ لە ئازار و ئیرادەیە. لێرەدا ژن تەنیا ڕەگەزێک نییە بۆ ستایش، بەڵکوو سوژەیەکی بڕیاردەرە کە لە نێوان دوو جەمسەری «کۆترە باریکە» و «پێشمەرگە»دا، واتا بە ئازادی دەبەخشێت.

شاعیر لە سەرەتادا بە وێنەیەکی پارادۆکسی دەست پێ دەکات؛ گەردنی شووشە و ئاوێنەی چەم کە لە جیاتی جوانی، وێنەی چوار کەلەبچە نیشان دەدەن. ئەمە گوزارشتێکی قووڵە لەو جوگرافیا سیاسییەی کە کوردستان و جەستەی ژنی تێدا بەند کراوە. کەلەبچەکان هێمای ئەو سنوورانەن کە نیشتمانیان پارچە کردووە و لە هەمان کاتدا ئەو کۆت و زنجیرە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەن کە دەبنە بەربەست لە بەردەم ناسنامەی ژنی کورددا. کاتێک ڕوو لە «پەپوولە زێڕینەکە» دەکرێت بۆ ڕاپەڕین، مەبەست لێی ڕاچڵەکینێکی مێژووییە بۆ پچڕاندنی داوی دیلی و گۆڕینی نەخشەیەک کە بە چوارمێخە کێشراوە.

ژن لەم تێکستەدا لە سنووری قوربانیبوون دەردەچێت و دەبێتە بکەرێکی گەڕۆک. فڕین لە گەرمێنەوە بۆ کوێستان و لە چڵێکەوە بۆ چڵێکی تر، تەنیا جووڵەیەکی فیزیکی نییە، بەڵکوو یەکخستنەوەی ئەو جەستە پارچەپارچەکراوەیە کە ناوی نیشتمانە. ژنی پێشمەرگە لێرەدا ئەرکێکی پیرۆزتری پێ سپێردراوە؛ ئەو گەواهیدەری عەشقە شیرینەکان و پاسەوانی ئەو گڵکۆیانەیە کە بست بە بستی خاکەکەیان کردووە بە یادگاری. ئەو ناسکایەی لە «نەرمەناوێن» و «پەپوولە»دا دەبینرێت، کاتێک لەگەڵ وشەی «پێشمەرگە» و «مشتێکی پۆڵایین» تێکەڵ دەبێت، وێنەیەکی نوێ لە ژن نیشان دەدات؛ ژنێک کە هەم سەرچاوەی ژیانە و هەم قەڵای بەرگری.

لە کاتێکدا کە هەموو ساڵێک لە هەشتی مارسدا باس لە مافە سەرەتاییەکان دەکرێت، ئەم شیعر و دیدگایە پێمان دەڵێت کە مافی ژنی کورد لەگەڵ مافی ئازادیی نیشتمانەکەیدا گرێدراوە. سڵاو ناردن بۆ ئەو دەستە ناسکانەی بوونە مشتێکی پۆڵایین، دانپیانانە بەو ڕاستییەی کە لەم جوگرافیایەدا مەرگ ناتوانێت گۆرانیی ژیان بوەستێنێت؛ چونکە ژن لێرەدا هەم دایکە و هەم نیشتمان. ئەو هێزە بزوێنەرەیە کە لە ناو گۆمی خوێندا ڕەنگی ئاسمانی ون نەکردووە و بە بڕواوە فێری کردین کە بۆ فڕین، پێویستمان بە ئاسمانێکی ئامادەکراو نییە، بەڵکوو ئیرادەی شکاندنی کەلەبچەکان خۆی دەسپێکی فڕینە.

## دواستوون

### بەستنی گەرووی هورمز و لێکەوتەکانی..

گەرووی هورمز یەکێکە لە گرنگترین و ستراتیژیترین ڕێڕەوە ئاوییەکانی ئەمڕۆی جیهان. ئەم گەرووە چەندین تایبەتمەندیی جوگرافی و ئابووریی گەورە لەخۆ دەگرێت کە ناکرێ نکۆڵییان لێ بکرێت. ئەم تایبەتمەندییانە وایان لەو گەرووە کردووە کە ببێتە بڕبڕەی پشتی دابینکردنی وزەی جیهان. پێش هەڵگیرسانی شەڕ و گرژییەکانی ئەم دواییانە، ڕۆژانە نزیکەی ٢٠ بۆ ٢١ ملیۆن بۆشکە نەوت بەم گەرووەدا تێدەپەڕین کە دەکاتە ٣٠ لەسەدی کۆی گشتیی نەوتی بەکاربراوی جیهان. هەروەها بەشێکی زۆری گازی سروشتیی شلکراوە (LNG)ی جیهانیش، بەتایبەتی بەرهەمەکانی وڵاتی قەتەر، لە ڕێگەی ئەم گەرووەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکران. بە گشتی نەوت و گازی وڵاتانی عەرەبستان، عێراق، ئیمارات، کوێت و ئێران بەم ڕێڕەوەدا دەگوازرێنەوە.

گەرووی هورمز لە ڕووی مێژوویییەوە هەمیشە بۆ ئێران بایەخی تایبەتی هەبووە. لە مێژساڵە ئەم گەرووە یەکێک بووە لەو کەناڵە گرنگانەی کە ئێرانی بە جیهان و بەتایبەت بە ڕێگای ئاوریشمەوە گرێ داوە. ئەم گەرووە بەردەوام جێی مشتومڕی وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتی زلهێزەکان بووە. لە پێنج سەد ساڵی ڕابردوودا ئێران بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەم تەنگەبەرە ئاوییە، بەردەوام لە شەڕ و ململانێدا بووە لەگەڵ وڵاتانێکی وەک پورتوگال، ئیسپانیا، بەریتانیا و ئەمریکادا. لە لایەکی تریشەوە، بەبەردەوامی ململانێ و کێشەی هەبووە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکەدا. لە سەردەمی شاعەباسی سەفەویدا، ئێران بە یارمەتیی وڵاتی بەریتانیا ئەم گەرووەی لە وڵاتی پورتوگال سەندەوە و پاشان یەکێک لە بەندەرەکانی بە ناوی "بەندەر عەباس"ەوە کرد. دواتریش لە چەندین سەردەمی دیاریکراودا، لەوانە سەردەمی نادرشا و محەممەد ڕەزا شا و تا سەردەمی ئێستا لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دراوە. لە هەموو سەردەمەکاندا ئەم گەرووە بۆ وڵاتی ئێران ڕۆڵی سەرەکی هەبووە. ئەم گەرووە سەرەڕای هەناردەی نەوت و وزەی ئێران بۆ وڵاتانی جیهان و ناوچەکە، کەناڵێکی بازرگانیی گرنگیش بووە بۆ ئاڵوگۆڕی شتومەک و کەرەستە لە نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداودا. لە باری جیۆپۆلیتیکیشەوە ئەم گەرووە تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

٤٥ لەسەدی یەدەگی نەوت و وزەی جیهان دەکەوێتە خاکی ئەو وڵاتانەی سەر گەرووی هورمز. ئەم تایبەتمەندییە وای کردووە دەوڵەتانی زلهێزی جیهانی بە چاوی تەماحەوە لەم ناوچەیە بڕوانن. ڕۆژانە ١٧ ملیۆن بۆشکە نەوت لەم گەرووەوە هەناردەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا و ئاسیا دەکرێت. وڵاتی ژاپۆن بەو دوورییە، لەسەدا ٧٠ی نەوتەکەی لێرەوە هاوردە دەکات. بۆ خودی ئێران بایەخەکەی زۆر زیاترە. جیا لەوەی کە ئێران تەواوی بەری ڕۆژهەڵاتی گەرووەکەی لەژێر دەستدایە و خاکی خۆیەتی، بەری ڕۆژئاوای کەنارەکانیشی کە دەکاتە خاکی دەوڵەتە عەرەبییەکان، خەڵکێکی زۆری شیعەمەزهەبی لێ نیشتەجێیە، کە ئەمە بە قازانجی ئێرانە و قورسایی هاوسەنگییەکەی بە لای ئێراندا خستووە. جگە لەوەش، هەر چوار دوورگەی "قیشم، هورمز، لارک، هەنگام" خاکی ئێرانن و کەوتوونەتە نێو گەرووەکەوە.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەم گەرووە بۆ جارێکی تر بووەتەوە جێی مشتومڕ. ئێران ئەم گەرووەی داخستووە و لە ڕێی مینی سەر ئاو و هەروەها مووشەکەوە، بەربەست لەبەردەم گواستنەوەی نەوت و کاڵا بە نێو گەرووەکەدا دروست دەکات، کە ئەم هەنگاوەی ئێران لێکەوتەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە. داخستنی گەرووی هورمز جیا لە کاریگەری دانان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەکردەوە کاریگەریی زۆری لەسەر ئابووریی جیهانیش داناوە و زیانی گەورەی پێ گەیاندوون، کە ئەم زیانە وڵاتی ئێرانیش دەگرێتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرکات تووشی قەیران و گوشاری دەرەکی بووبێتەوە، ڕاستەوخۆ هەڕەشەی داخستنی ئەم گەرووەی کردووە؛ لە حاڵێکدا داخستنی ئەم گەرووە لە ژێر هەر ناوێکدا بێت، بە پێشێلکردنی ئاشکرای بنەما بنچینەییەکانی یاسای نێودەوڵەتی ئەژمار دەکرێت.

لەگەڵ داخستنی گەرووی هورمز، بازاڕەکانی بۆرسە لە جیهاندا ڕووبەڕووی ناجێگیری بوونەوە و هەڵاوسان ڕووی دا و ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییەکان. دۆناڵد ترامپ لە یەکەمین کاردانەوەکانیدا هەڕەشەی توندی لە ئێران کردووە و مۆڵەتی چەند ڕۆژەی بە ئێران داوە بۆ کردنەوەی ئەم گەرووە. ئەگەر بێتو ئێران بە دڵی ئەمریکا نەجووڵێتەوە، کە دوور نییە، ئەوە ئەمریکا ژێرخانە ئابوورییەکانی ئێران لە ناوچەکە دەکاتە ئامانج و بەم شێوەیە شەڕ دەکەوێتە قۆناغێکی گەلێک هەستیارەوە.

هەڕەشەی لەناوبردنی ژێرخانەکان کە ڕاستەوخۆ بە ژیانی خەڵکی مەدەنییەوە بەستراونەتەوە، لایەنی پڕ لە کارەساتی شەڕەکە پێناسە دەکات و بە مانای بە ئامانجگرتنی کۆمەڵگای مەدەنی دێتە ئەژمار. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە شەڕ زیاتر لە هەموو کاتێک ڕووالەتی دزێو و دژەخەڵکیی خۆی نیشان دەدات.